# حەیران

و

چەند بۆچوونێکی تر

جەمیل سنجاوی

هەولێر	چاپی یەکەم	٢٠١٠

* حەیران

و

چەند بۆچوونێکی تر

* جەمیل سنجاوی

* پیت چنین و نەخشەسازی و بەرگ: کۆمپیوتەری دەریا

* تیراژ: (١٠٠٠) دانە

* چاپی یەکەم - هەولێر ٢٠١٠

* چاپخانە: منارە - هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٤٨) ساڵی (٢٠١٠) پێدراوە

لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ

زنجیرەی چاپ ژمارە (٣)

www.azadiqerechux.kurdblogger.com

# پێشکەشە :

* بــە تــەواوی ڕۆشـــنبیرو هونەرمەنـــدو فۆلکلۆرپـــەروەرو خـــەمخۆرانی کلتـــووری نەتەوەییمان لەکوردستاندا.

* بەخــەڵکی خــۆڕاگرو وڵاتپــارێزی مــەخموورو قەراج و گوێڕو کەندێناوە.

* بە کوڕەتیمە حەیران و کچەتیمە حەیران، کـە هەمیشە بەسەرهاتی ئەڤینداریان لە (حەیران)دا بە مراد نەگەیشتن بووە.

# سوپاس و پێزانین

* زۆر سوپاس بۆ برای بەڕێزم کاك (غەفوور مەخمووری) کە لەنووسینی لێکۆڵینەوەکەمدا تەواو هاوکارم بوو.

* سوپاس بۆ هاوڕێی ئازیزم (م.نایف شێخانی)ی هونەرمەند، کە لە پەیداکردنی سەرچاوە یارمەتیدەرم بوو.

* سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە هەر بوارێکدا هاوکارو یارمەتیدەرم بوون.

# پێشەکی

کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە خودان فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندن؛ فۆلکۆری کوردی خودان تایبەتمەندی خۆیەتی و لق و پۆپێکی زۆری لێدەبێتەوە (شیعر، داستان، چیرۆک، گۆرانی، مۆسیقا... تد)، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین فۆلکلۆری کوردی لەڕووی لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەدا زۆر هەژارەو ئەو هەوڵانەی کە بە ئەنجامیش گەیشتوون زیاتر بریتین لەکۆکردنەوەی تێکستی فۆلکلۆری و لێکۆڵینەوە زۆر کەم دەبینرێت، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی کوردستان و ژێردەستەیی کورد.

حەیران؛ کە بەشێکە لەفۆلکلۆری کوردی و جۆرە مەقام و ئاوازێکی تایبەت بەکوردەو، پانتاییەکی فراوانی لەجیهانی مەقامات و مۆسیقای کوردیدا داگیرکردووە، تائێستا وەکو پێویست لێینەکۆڵراوەتەوەو لەسەری نەنووسراوە، ئەوەی هەیە هەوڵی ماندوونەناسانەی چەند فۆلکلۆریستێکی کوردە کە دەکرێ بەبەردی بناغەی لێکۆڵینەوەی حەیران دابنرێت، دوای خوێندنەوەو پێداچوونەوەی هەوڵەکانی پێشوو هەستم بەکۆمەڵێ بابەتی تر کرد کە لەحەیراندا هەن و باسیان نەکراوە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر کۆمەڵێ بۆچوونی تری تایبەتم لادروست بوون لەسەر بۆچوون و شیکردنەوەکانی پێشووتر، بۆیە بەپێویستم زانی کە لەدیدگایەکی ترەوە سەیری حەیران بکەم و ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەسەر بەئەنجام بگەیەنم. کەمی سەرچاوەی پێویست وای کردووە کە پەنا بۆ دیدارو چاوپێکەوتن ببەم و باسەکەمی پێ دەوڵەمەند بکەم، واتە لەڕووی مەیدانیشەوە کارم لەسەر بابەتەکە کردووە.

لێکۆڵینەوەکەم دابەشی سەر سێ بەش کردووە:

**بەشی یەکەم:** لەچوار بەند پێکهاتووە، لەبەندی یەکەمدا پێناسەی حەیرانم کردووەو، لەبەندی دووەمدا لەجۆرەکانی حەیرانم کۆڵیوەتەوەو، لەبەندی سێیەمدا

شوێنی سەرهەڵدانی حەیرانم دەستنیشان کردووەو، لەبەندی چوارەمیشدا حەیرانم لەرووی داڕشتنەوە شرۆڤە کردووە.

**بەشی دووەم:** کە تایبەتە بەحەیران و مۆسیقا لەدوو بەند پێکهاتووە، لەبەندی یەکەمدا، باسم لەحەیران و مەقام کردووەو دیاریم کردووە کە حەیران چ جۆرە مەقامێکی کوردییەو، لەبەندی دووەمیشدا باسم لەحەیران و نۆتە کردووەو، بەوردی لەسەر ئەوە وەستاوم کە ئایا نۆتەی حەیران دەنووسرێتەوە یان نا؟ لەم رووەیشەوە بۆچوونی خۆم خستۆتەڕوو. ئەوەی تێبینیم کرد زۆر کەم لەم لایەنەی حەیران کۆڵراوەتەوەو سەرچاوە زۆر کەمەو کەمی سەرچاوە گرفتێکی گەورەی لێکۆڵەرەوەیە.

**بەشی سێیەم:** ئەویش لەدوو بەند پێکهاتووەو تایبەتە بە ئافرەت و حەیران، لەبەندی یەکەمدا باسم لەئافرەتە حەیرانبێژەکان کردووەو، لەبەندی دووەمیشدا تیشکم خستۆتەر سەر ناوەڕۆکی حەیرانی ئافرەتان. ئەم لایەنەش زۆر کەمی لەسەر نووسراوەو سەرچاوە زۆر کەمە. بەڵام هەوڵمانداوە هەقی خۆی بدەینیّ و فەرامۆشی نەکەین.

لەکۆتاییدا پاشکۆیەکم بە تێکستی چەند حەیرانێك خستۆتەڕوو، بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر بە فۆرم و ناوەڕۆکی حەیران ئاشنا بێت.

هیوادارم بەم لێکۆڵینەوەیەم خزمەتێکی بچوکی کەلەپووری نەتەوەکەمانم کردبێت و بەردێکی ترم خستبێتە سەر بناغەی بینای لێکۆڵینەوەی زانستیی لەفۆلکلۆر بەگشتی و حەیران بەتایبەتیدا.

جەمیل سنجاوی

٢٠٠٣/٦/١

Snjawi@gmail.com

# بەشی یەکەم

# حەیران

بەندی یەکەم: پێناسەی حەیران

بەندی دووەم: جۆرەکانی حەیران

بەندی سێیەم: شوێنی سەرهەڵدانی حەیران

بەندی چوارەم: حەیران لەڕووی داڕشتنەوە

# بەندی یەکەم:
# پێناسەی حەیران

حەیران وەك هونەرێك لای ئێمەی کورد زیاتر بەوە ناسراوە کە جۆرێکە لەمەقامی رەسەنی کوردی و لەسەر پەیژەی مەقامی (بەیات) دەگوترێت، ئەگەرچی ئەم وشەیە لەزمانی کوردیمان لەرووی فەرهەنگییەوە تارادەیەك واتاکەی لێکدراوەتەوەو، چەمکە جۆراوجۆرەکانی خراوەتەڕوو، بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە زیاتر لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەکرێت و لایەنەکانی تری نەخرێنەڕوو، بۆ روونکردنەوەی ئەم زاراوەیە (سەعدوڵڵا شێخانی)، دەڵێ: "وشەی حەیران وەك زاراوەیەك واتای (سەرگەردان، یار، دۆست، سەرسوڕماو، بەراگێڕ) دەگەیەنێت، جگە لەوەی واتای جۆرە مەقامێکی کوردی (بەیات) دەبەخشێت کە بەو ناوە ناسراوە.

لەزمانی عەرەبیشدا (حەیران) وشەیەکە لە(الحيرة)وە هاتووە کە واتای (مرۆڤ لەهەڵوێستێك دا تووشی وڕی و گێژ بوون بێت و سەروبنی کاری لێ بشێوێ ئەو مرۆڤە (حائر) یان (حيران)ی پێ دەڵێن)، کە لام وایە تەنیا ڕێکەوت هەردوو وشەی (حەیران)ی کوردی و عەرەبیان وێکچواند بێ ئەگەرنا هەریەکەی بەندە بەزمانەکەی خۆیەوەو ئەوی خۆمان کوردییە"[1].

(غەفوور مەخمووری)یش بۆ چەمکی حەیران دەڵێ: (وشەی حەیران وەك دانەیەکی فەرهەنگی مانای (سەرسوڕماو، سەرگەردان، بەراگێڕ) دەگەیەنێت، جگە لەوەش واتای جۆرە مەقامێکی کوردی دەبەخشێت کە لەسەر مەقامی بەیات دەگوترێت.

---

(١) سەعدوڵڵا شێخانی و خالد جوتیار، حەیران و مەرگی غەریبان، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٩٠، ل٨.

لەزمانی عەرەبیشدا (حەیران) لە(الحیرة)وە هاتووە کە کەسێك لەکارێکیدا یا لەهەڵوێستێکیدا دووچاری وڕیو گێژی بێتو سەری لیَ بشێویَ ئەو کەسە (حائر) یان (حیران)ی پێدەڵێن"[1].

لەم دوو شیکردنەوە واتایی یە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کەوا حەیران لەهەردوو زمانی کوردیو عەرەبیدا جۆرە لێکچوونو لێك نزیکیەکیان لەنێواندا هەیە، "بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنیَ کە هەردوو وشەکە یەکن، لەبەر ئەوەی (حەیران)ە کوردییەکە کوردییەو لای کورد بۆتە ناوی مەقامێكو چەمکێکی تایبەتی هەیەو ئەوەی لای عەرەبیش ئەوا تایبەتە بە عەرەبو لەفەرهەنگی عەرەبیدا واتای خۆی هەیە"[2].

ئەو رایانەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێدا، بۆ روونکردنەوەی زاراوەی (حەیران)، تەواو هاوڕانو بەشێوەیەکی زنجیرەیی لەنزیکەوە سوودیان لەیەکتری بینیووەو تائاستێکی باش توانیوویانە تیشك بخەنە سەر چەمکی (حەیران)و مەبەستە جۆر بەجۆرەکانی لەزۆر رووەوە روون بکەنەوە.

ئێمەش بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم بابەتە دەڵێین:

راستە زاراوەی (حەیران) بەلای ئێمەی کورد وەکو مەقامێکی رەسەن ناسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەئاخاوتنی رۆژانەو دەقە ئەدەبییە کۆنو نوێیەکانیشدا بەکارهێندراوە، بۆ نموونە لەبواری ئاخاوتندا، بەتایبەتی لەناو ئافرەتاندا، کاتیَ ئافرەتێك یان دایکێك کە سۆزو خۆشەویستی خۆی بۆ منداڵە ساواکەی دەردەبڕێت دەڵیَ: (بەحەیرانت بم) واتا بەقوربانت بم، یان بەراگێڕت بم، یان دەڵیَ: (ئۆی حەیرانیَ). ئەمەش دوو لایەن دەگرێتەوە، گوزارشتکردن لەجوانیو سۆزو خۆشەویستی بۆ منداڵەکە، جگە لەوەش حەیرانبێژ زۆر جار لەناو دەقی حەیرانەکانیاندا ئەڤیندارەکەی خۆیان بە(حەیران) ناودەبەن، شاعیرانیشمان لەبارەی

(١) غەفوور مەخمووری، حەیران چەمك- ناوەڕۆك- سەرهەڵدان، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١، ل٢١.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو... ل٢١-٢٢.

بەکارهێنانی ئەم وشەیە درێخییان نەکردووەو هەریەکەو بۆ مەبەستو ئامانجێك لەدەقە ئەدەبییەکانیاندا بەکاریان هێناوە، بۆ نموونە (وەفایی) شاعیر دەڵێ:

**((لە دوولا مەست و حەیرانم، بەقووەی جەذبە نازانم:**

**نەسەرگەردی سەرو گەردەن، نەقوربانی لەبانت بم؟))**[1].

هەروەها لەدێڕە شیعرێکی تریدا دەڵێ:

**((غەمزەدەی زولفم بەغەمزەی چاوی حەیرانم دەکا**

**بەستەیی داوم فەرەنگی تیرە بارانم دەکا))**[2].

هەروەها شاعیرو فەیلەسووفی کورد (ئەحمەدی خانی) بەم شێوەیە گوزارشت لەزاراوەی حەیران دەکات:

**((کەیفەك وەبدا فەقی تەیران**

**حەتاب ئەبەد بمایە حەیران))**[3].

کەواتە بەپێی ئەمانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەو بڵێین: ئەم زاراوەیە نەك هەر تەنها ناوی مەقامێکی رەسەنی کوردییەو بەس، بەڵکو لەئاخاوتنو نووسینی دەقە ئەدەبییە کۆنو نوێیەکاندا بەکارهاتووەو، واتاو مەبەستی جۆراوجۆریشی لەخۆگرتووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەڕووی زماندا زاراوەی (حەیران) لەهەردوو زمانی کوردیو عەرەبیدا بۆ هەریەکەیان واتاو مەبەستی تایبەتی خۆی هەیەو، هەریەکێکیشیان بەزمانەکەی خۆیانەوە بەستراونەتەوە.

ئەمانەی خوارەوە چەندین پێناسەی جیاجیان کە لەلایەن رۆشنبیرانو هونەرمەندانو فۆلکلۆرپەروەران لەبارەی (حەیران)ەوە خراوەنەتەڕوو، ئێمەش بەپێی ئەو نووسینو سەرچاوانەی لەبەردەستماندایە ئاماژە بەپێناسەی حەیران دەکەینو بەپێی پێویستیش سەرنجو تێبینی خۆمانی لەهەمبەردا دەستنیشان دەکەین.

---

(١) محەممەد عەلی قەرەداغی، دیوانی وەفایی، دار الحرية، بەغدا، چاپی دووەم، ١٩٨٤ ل٥٢.

(٢) هەمان سەرچاوە... ل١٥.

(٣) دوکتۆر محمد نوری عارف، تێکستی ئەدەبیی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٨١ ل٢٣٢.

سەرەتا (د.مارف خەزنەدار) لەدوو سەرچاوەی جیاوازدا پێناسەی (حەیران)مان بۆ دەکات و دەڵێ: ((وشەی "حەیران" بۆ ئەم بابەتە شیعرە بەکار ئەهێنرێ کە بەشێوەی کرمانجی خواروو "سۆرانی" هەڵئەبەسترێ، وە زیاتر لەناوچەکانی هەولێرو کۆیەو ڕەواندزو مەهابادو سنە، بەتایبەتی لەناو خێڵەکاندا باوە))[1].

لەسەرچاوەکەی تریشیدا بۆ هەمان مەبەست دەڵێ: ((حەیران ناوی ئەو جۆرە شیعرە میللییەیە بەدیالێکتی کرمانجی خواروو، بەتایبەتی بەشی سۆرانی دەهۆنرێتەوە لەناوچەکانی دەشتی هەولێرو ڕۆژئاوای کۆیەو خۆشناوەتی و تا ڕەواندز دەکشێ تادەگاتە مەهاباد، بەزۆر لەناو خێڵەکی و دەشتەکیەکان دا باوە))[2].

دیارە (د.مارف خەزنەدار) لەهەردوو پێناسەکەیدا تەنها مەبەستێکمان پێڕادەگەینێ، کە ئەویش حەیران بەجۆرێك یان بابەتێکی شیعری میللی ناودەبات، بەبۆچوونی ئێمەو زۆربەی توێژەرانیش حەیران (پەخشانە شیعر)ە نەك شیعر، هەروەها سەبارەت بەوەی کە حەیران دەقێکی میللییە، دەڵێین: ڕەنگە ئەو دەقانەی کە حەیرانبێژان خۆیان دایاندەناو لەژیاندا مابوون و دەناسران، بەدەقێکی میللی دابندرێن، بەڵام هەرگیز ناکرێ یەکەم دەقی حەیران، چ لەڕووی ئاوازەوە، چ لەڕووی داڕشتنەوە، کە خاوەنەکەی دیار نەبێت و بزر بێت، بەدەقێکی میللی بناسێندرێت، بەڵکو لەچوارچێوەی ئەدەبی فۆلکلۆری دێتە هەژمار کردن.

(خالید جوتیار) بەم شێوەیە حەیرانمان پێدەناسێنێ: ((حەیران پارچە پەخشانێکی پاراوو ناسکەو بەزمانێکی سادەی خۆمانە نووسراوەو دەشێ (پەخشانە شیعری) پێ بگوترێ و دەستوورو ئاکاری تایبەتی خۆی هەیەو ئەگەر سەربەندو دوابەندی یەك نەگرنەوە بەحەیران دانانرێت، حەیرانیش بەشی زۆری دڵداری و

(١) معروف خەزنەدار، کێش و قافیە لەشیعری کوردیدا، الوفاء، بەغدا ١٩٦٢، ل٣٨-٣٩.

(٢) عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، داستان و گۆرانی لەفۆلکلۆری کوردیدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨، ل١٨٤.

وەسفە لەم دواییەش هەستی نەتەوایەتی و "مەسەلەی شەڕو کارەساتەکان" لەهامێزی خۆیان گرتووە..))[١].

(رزگار خۆشناو)ی هونەرمەندیش بەم شێوەیە دەڕوانێتە حەیران: ((ئەم شێوەیە تایبەتە بەناوچەی (سۆران)، بەتایبەتی لەم هەرێمانەدا بنجی خۆی داکوتاوەو بووە بەزمانی خەڵك: (دەشتی هەولێر- بەشێك لەخۆشناوەتی- بەشێك لەهەرێمی پشدەر).

ڕستەکانی حەیران ڕەوتی شیعری تەواوی نییە، لەمەدا باس لەدڵداری و وەسف و جوانی و شۆخ و شەنگی ئافرەت و سروشت و کەلچەری نەتەوەی کورد ئەکریت))[٢].

(ئەسعەد عەدۆ)ش لەبارەی حەیرانەوە دەڵێ: ((حەیران ئەو ئاوازە تایبەتیە، ئاوازی شمشاڵی شوانەکانی دەشت و دۆڵ و پاڵ شاخەکانی کوردستان، ئەو دەنگە زولاڵەی رەسەنی کورد ئەو پەخشانە رازاوەی سەرو بن گرێدراو، ئەو دەنگەی کە مرۆڤی کورد دەگەڕێنتەوە جیهانی فرەوان و رەسەنی نەتەوەی کوردو بەئاسمانی کوردستان بالەفڕکێ دەکا..))[٣].

(ئەحمەد حەیران)یش بەم شێوەیە حەیرانمان پێئاشنا دەکات: ((جۆرێکە لەجۆرەکانی مەقام، تایبەتە بەنەتەوەی کورد. جۆرە ئاوازو هەڵبەستێکی تایبەتی خۆی هەیە، لەلادێوە سەری هەڵداوە، شێوەی داڕشتنی زیاتر دەچێتەوە سەر پەخشانە هۆزان، چونکە هەموو دوابەندەکانی بەیەك قافیە کۆتایی دێت، بەزۆری باسی جوانی ئافرەت و، دڵداری و، وەسفی سروشت و کەمێکیش ستایش و پیاهەڵدان دەکات))[٤].

---

(١) خالد جوتیار، کورتە سەرەتایەك، حەیران. گ. رۆشنبیری نوێ ژ (٦٣) ئەیلول و ت١، ١٩٧٧، ل٤١.

(٢) رزگار خۆشناو، مەقامە تایبەتیەکانی کورد، گ. رۆشنبیری نوێ ژ (٨١) حوزەیران، تەموزی ١٩٨٠، ل٤٠-٤١.

(٣) ئەسعەد عەدۆ، لیرەیەك لەگەنجینەی نەتەوەی کورد، علاء، بەغدا ١٩٨٤، ل١٣.

(٤) ئەحمەد حەیران، دیوانی حەیران بێژان، چاپخانەی ئەسعەد، بغداد، ١٩٨٨، ل٥.

(سەعدوڵڵا شێخانی)یش لە(سەربردەی کۆمەڵە حەیران بێژێکی کورد) بەم شێوەیە باسی حەیران دەکاتو، دەڵێ: ((ئاشکرایە حەیران جۆرێکە لەمەقامی بەیاتو، لەئەدەبی میللی نەتەوەی کوردیش دەچێتەوە بەر دونیای فۆلکلۆر، وەك هاوکوفەکانی خۆی لەلاوك و پەندو بەستەو شیعرو چیرۆك.. تاد، لەلادێوە سەری هەڵداوە، هەروەها جۆرێکی سەرەکی پیاهەڵدانیشە))[1].

(نامق هاوکار)یش لەبەشی سێیەمی (حەیران و مەرگی غەریبان)دا، بەم جۆرە حەیرانمان بۆ پێناسە دەکات: ((حەیران ئەم وشە ناسك و پاراوانە، ئەم وشە پڕ جۆش و خرۆشانەی، ئەم وشە سادەو دەرون تەزێنانە کە حەیران بێژ لەسەربەندو دوابەند لێکی دەداتەوەو بەسەروایەکی وەکو یەك دەستی پێدەکاو کۆتایی دێنێت))[2].

(غەفوور مەخمووری)یش دەمێکە لێکۆڵینەوەی لەمبارەوە کردووەو سەبارەت بەپێناسەی حەیران دبێژی: ((حەیران ئەو ئاوازە بەسۆزەیە کەوا لەگەرووی شمشاڵی شوانەکانی کوردستان دێتە دەرەوەو بەڕۆژگارێکی ترمان ئاشنا دەکات ئەویش ڕۆژگاری ڕابردووە. باسی ژیانی سادەو ساکاری کۆمەڵی کوردەواریمان بۆ دەکات و خۆشی و ناخۆشی میللەتمان بۆ دەردەخات، حەیران جۆرە مەقامێکی کوردییە لەسەر شێوەی (بەیات) دەگوترێت، باسی جوانی و ناسکی ئافرەت و خۆشەویستی نێوان کچەتیمە حەیران و کوڕەتیمە حەیران و جوانی رازاوەیی سروشتی کوردستان و ڕاوو ڕاوشکارو پیاوماقووڵانی کوردو ئایین و داشۆرین و هەندێ جار مێژوو و دەستووری کوردەواری و گەلێ لایەنی ترمان بۆ دەکات))[3].

---

(١) سەعدوڵڵا شێخانی، سەربردەی کۆمەڵە حەیران بێژێکی کورد، ئەسعەد، بەغدا، ١٩٨٨، ل٥.

(٢) سەعدوڵڵا شێخانی و خالد جوتیار، حەیران و مەرگی غەریبان، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٩٠، ل٨.

(٣) غەفوور مەخمووری، سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەك لەژیانی حەمەدبەگی، الحوادث، بەغدا، ١٩٨٩، ل٧.

(عومەر شێخەللا دەشتەکی)یش لەپێناسەی حەیراندا دەڵێ: ((دەنگ و ئاوازێکی سازگارو ناوازەی پڕسۆزی ڕەسەنی پێشینانە، خورپەیەکە لەئەنجامی جۆش و خرۆشی بەتەوژمی ناخی ئاوازخوانەوە هەڵدەقوڵێ، بەدوو بەند یا سێ بەند، تەزووی دەروونی شاراوەی حەیرانبێژ ڕاستگۆیانە بەگوێگر ڕادەگەیێنێ))[1].

هەروەها (عومەر شێخەللا) لەلایەکی تری پێناسەکەیدا دەڵێ:

((لەگەڵ هۆنراوەی ئازاددا سەرسەدەیان لەسەریەکە))[2].

دیسان دەڵێ: ((بۆچوونی نزیك کردنەوەی لەپەخشانی سەروادار، هەڵەیەکی زەقی ناڕەوایە، کارێکی زانستییانە نییە))[3].

کەواتە (عومەر شێخەڵلا) لەپێناسەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە (حەیران)، هۆنراوەی ئازادە، نەك (پەخشانە شیعر)، ئێمەش پێمان وایە (حەیران)، (پەخشانە شیعرە)، ((لەبەر ئەوەی پارچە لەگەڵ پارچە، کۆپلە لەگەڵ کۆپلەدا شەطرەکانیان وەك یەك نیە ناتوانین بەهۆنراوەی ئازادی دابنێین))[4].

(عثمان شاربازێری)یش بەم شێوەیە حەیران دەناسێنێ: ((حەیران شاکارێکی هونەرییە زادەی (ئەوین و ئاوات)ە دەربارەی (سروشت)و (دەروون)و (جوانی) دەدوێ.. بەدەگمەن (شەڕو شۆڕ) دەگرێتەوە))[5].

(زاهیر محەمەد)ی هونەرمەندیش لەپێناسەی حەیراندا دەڵێ: ((حەیران، جۆرە ئەدایەکە زۆر جار هەر لەسەر مەقامی بەیاتدا دەوترێ کە جۆرە وشەو پەخشانێك

---

(١) عەمەر شێخەللا دەشتەکی، داستان و گۆرانی لەفۆلکلۆری کوردیدا، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٩١.

(٢) هەمان سەرچاوە... ل١٩١.

(٣) هەمان سەرچاوە... ل١٩١.

(٤) ئەحمەد حەیران، ئاشناییەك لەگەڵ لاوك و حەیران دا، گۆڤاری کاروان ژ (٢١)، حوزەیران ١٩٨٤، ل٨٠.

(٥) عثمان شاربازێری، گەنجینەی گۆرانی کوردی، الزمان، بغداد، ١٩٨٥، ل٤٠١.

دەچرێ بەخێرایی و گوزارشت لەهەندێ مەبەستی دیارکراو دەکا لەعیشق و خۆشەویستی و پێداهەڵدان و خاك و گوڵ و... تاد))[1].

هەر لەبارەی حەیرانەوە (بەدران ئەحمەد) دەبێژێ:

((حەیران جۆرێکە لەئاوازی کوردی، بەدەنگ هەڵکردن و ئای ئایەکی پڕ لەگەرووەوە دەگوترێ و لەچەند ڕستەیەکی کورت پێك دێ کە تیایدا هەست بەئەوینێکی گەرم و پڕ لەکوڵ دەکرێ، حەیران یان هەستی عاشق (کە زۆر جار حەیرانبێژەکە خۆیەتی) بەرامبەر ئەویندارەکەی دەردەبرێ یان باس لەڕووداوو بەسەرهاتێك دەکات. حەیران، زۆر لەکورتی دەبڕێتەوە، هەستێکی بروسکە ئاسا بەدەمارەکانی مرۆڤی گوێگردا سەر دەکات و دەیهەژێنێ))[2].

دوای هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەمان بەو پێناسانەی کە لەلایەن ڕۆشنبیران و فۆلکلۆرپەروەران و هونەرمەندان بۆ حەیران کراوە، دەگەینە ئەو ئەنجامە کە ئێمەش لەپێناسەی حەیراندا بڵێین:

حەیران پەخشانە شیعرێکی قافیەدارەو خودان فۆرم و سیستمێکی تایبەتەو لەچوارچێوەی ئاوازێکی رەسەنی کوردی کە لەسەر پەیژەی مەقامی (بەیات) دەگوترێ و بەهەست و سۆزێکی تەڕو پاراوەوە گوزارشت لەسروشت و جوانی ئافرەت و ئەڤینی نێوان کچەتیمە حەیران و کوڕەتیمە حەیران و داب و نەریتی کوردەواری و چەندین بواری تر دەکات.

---

(١) ئا: رامان، توێژینەوەو گەڕان بەدوای تایبەتمەندییەکانی بەستەو مقامات لەناوچەی کۆیە، گۆڤاری رامان ژ (٧٧) تشرینی دووەم، 2002، ل٩٦.

(٢) غەفوور مەخمووری، حەیران چەمك- ناوەڕۆك- سەرهەڵدان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل٥.

## بەندی دووەم:

# جۆرەکانی حەیران

بۆ ئەوەی بتوانین جۆرەکانی حەیران دەستنیشان بکەین و ئەو لایەنە یەکلایی بکەینەوە، پێویستە گەشتێك بەنێو ئەو لێکۆڵینەوەو نووسین و بۆچوونانەدا بکەین کە لەمبارەوە خراوەتەڕوو، دیارە بۆ ئەم مەبەستەش سێ بۆچوونی جیاواز بەدی دەکرێت:

١- حەیران بەپێی گوتن (اداء) دابەش دەکات، واتا بەرزی و نزمی دەنگەکە یاخود ئاوازەکە.

٢- حەیران بەپێی شوێن و ناوچەی جوگرافیا دابەش دەکات.

٣- حەیران بەپێی تەمەنی حەیرانبێژو ناوەڕۆکی حەیران دابەش دەکات.

سەبارەت بەبۆچوونی دووەم، (رزگار خۆشناو)ی هونەرمەند دەڵێ: "بۆمان هەیە حەیران بکەین بە سێ (٣) بەشەوە:

یەکەم: سەرچیایی و (ناوچەی تیرەو هۆزی خۆشناوەتی) کە شەقڵاوەو هیران و هەریرو سەلاحەدین دەگرێتەوە.

دووەم: پشدەری (ناوچەی کۆیەو رانیەو قەڵادزێ) دەگرێتەوە.

سێهەم: حەیرانی دەشتی هەولێر (کە تایبەتە بەتیرەو هۆزی) (گەردی و دزەیی)"[(١)].

ئەو شێوە دابەش کردنەی (رزگار خۆشناو) لەسەر بنچینەی شوێن و ناوچەی جوگرافیا ئەنجام دراوە، کە ئەمەش بە بۆچوونی ئێمە هەرگیز ناکرێ، لەبەر ئەوەی حەیران لەهەر شوێنێکی کوردستان بگوترێ هەر هەمان ئەو حەیرانەیە کە لەمەهاباد و

---

(١) رزگار خۆشناو، مەقامە تایبەتییەکانی کورد، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (٨١)، حوزەیران، تەموزی ١٩٨٠، ل٤١.

پشدەرو خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر دەگوترێ، واتا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ کە شایەنی باسکردن بێت، هەر بۆیەش پێمان وایە حەیران لەسەر بنچینەی گوتن (اداء) دابەش دەکرێ، کە ئەویش دەبێتە دوو جۆر: یەکەم (مەجلیسی)، دووەم (سەرچیایی).

هەروەها (ئەحمەد حەیران)یش هەمان بۆچوونی هەیەو دەڵێ: "بەلای منەوە جۆرەکانی حەیران ناگەڕێتەوە بۆ ئەم ئاوازەی حەیرانی پێ دەڵێن چونکە حەیران هەر لەسەرەتای بوونیەوە بەیەك نزم دەگوترێ کەس ناتوانی دەسکاری بکات، بەڵام دەتوانین بڵێین جۆرەکانی حەیران دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ناوچەکان و سروشت و ئاو هەوای ئەم هەرێمەی حەیران بێژەکەی لێ پەروەردە بووە حەیرانیش دەبێت بەسێ جۆرەوە کە ئەمانەن:

١- حەیرانی سەرچیایی: ئەمیش ئەوەیە کە حەیران بێژ سەرەتاکەی بەدەنگێکی بەرزهەڵدەداو وەتا کۆتایی واتە دوابەندی حەیرانەکە ئەم هەڵدانە ناپسێنێتەوە.

٢- حەیرانی پشدەری: ئەم جۆرە حەیرانەش لەناوچەی کۆیەو ڕانیەو قەڵادزێ هەیە.

٣- حەیرانی دەشتی هەولێر: کە ناوچەی قەراج و کەندێناوەو مرکیە دەگرێتەوە، تایبەتە بەهۆزی دزەیی"[(١)].

هەروەکو پێشتر روونمان کردەوە حەیران لەسەر بنەمای ناوچەی جوگرافیا دابەش ناکرێ، بەڵکو زیاتر بەستراوەتەوە بەسروشتی بەرزی و نزمی دەنگی حەیرانبێژەکە، واتا حەیرانبێژ لەهەر شوێنێك بێت هەر بەو دوو شێوەیە حەیران دەچڕێت، کە ئەوانیش (سەرچیایی)و (مەجلیسی)یە، ئەم دوو جۆرەش لەسەر بنچینەی گوتن (اداء) دیاری کراوە.

هەروەها (عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی)یش سەبارەت بەدابەشکردنی حەیران بۆچوونێکی تر دەخاتەڕوو و دەڵێ:

"حەیرانە لەبنەڕەتدا دوو جۆرە:

---

(١) ئەحمەد حەیران، ئاشناییەك لەگەڵ لاوك و حەیران دا، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢١) حزیران ١٩٨٤، ل٨٠.

أ- حەیرانەی نەونەمامان: ئەم حەیرانانە، هی تازە پێگەیشتووانە تەڕو پاڵاون، بەئاوازێکی پڕ لەسۆز، لەخۆشی و شایی و دیلانا دەگۆترێن، دەشبێ لەچۆڵەوانی حەیرانبێژ پڕ بەزار بچریکێنی، بەڵکو نەواو ئاهو خورپەو هەستی دەروونی یارەکەی بەئاگا بهێنێ، گەلێك جار وشەی نامۆو نەشیاو تێکەڵ بەدەقەکە دەکەن، گەورەی دڵتەڕی لەخۆگەڕاوەش دەیڵێین.

ب- حەیرانەی لەخۆگەڕاوان: ئەم جۆرەیان هی جوامێرو پیاوماقوولانە، حەیرانەی بە وەج و بەجەمن، ئاوازەکەی لەسەرخۆ دەگۆترێ، دەڤەری خۆیان پێهەراسان ناکەن، لە هی نەونەمامان بەپێزترن، خۆ بەدەقەکانەوە بەند دەکەن"[(١)].

لەم دابەشکردنەی (عومەر شێخەڵڵا) ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە حەیران جۆرێکی تایبەتە بەگەنج و هەرزەکارو تازە پێگەیشتووان، جۆرێکیشی تایبەتە بەجوامێرو پیاوماقوول و بەتەمەنەکان، ئەمەش بەوە لێك دەداتەوە کە ناوەڕۆکی دەقەکان چ لەڕووی داڕشتن، چ لەرووی گوتن (اداء) جیاوازییان هەیەو هەریەکێکیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئێمە لەبارەی ئەو شێوە دابەشکردنەدا دەڵێین: بەهیچ شێوەیەك نەمانزانیووە حەیران سنووری بۆ دابندرێت و، جۆرێکی تایبەت بێت بەگەنج و تازە پێگەیشتووان و، جۆرێکی تریشی تایبەت بێت بەجوامێرو پیاوماقوولٚ و کەسانی بەساڵاچوو، لەبەر ئەوەی حەیران سەرەتای پەیدا بوونی بەبابەتی دڵداری دەستی پێکردووەو، دەقەکانی ئەو سەردەمیش هەمان ئەو گوزارشتکردنەیان تێدا بووە کە حەیرانبێژان، چ گەنج و تازە پێگەیشتوو، چ پیرو بەساڵاچوو، بەهەمان ناوەڕۆك گوتوویانە، ئینجا چ پێویست بەو دابڕین و لێك جیاکردنەوەیە ناکات، بۆیە ئێمە پێمان وایەو جارێکی تریش جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە حەیران لەسەر بنچینەی گوتن یاخود ئەو ئاوازە دابەش دەکرێ کە حەیرانبێژ حەیرانەکەی پێ دەڵێ، ئەمەش پەیوەستە بەئاستی بەرزی و نزمی دەنگ و

---

(١) عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، داستان و گۆرانی لەفۆلکلۆری کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٩٥.

ئاوازەکە، ئینجا بەپێی ئەو دابەشکردنەش بێت، حەیران بەدوو شێوە یاخود دوو جۆر دەگوترێ:

١- **سەرچیایی:** ئەم شێوە گوتنەی حەیران بەئاوازێکی بەرز دەگوترێت، لەسەر پەیژەی مۆسیقاشدا ئەگەر هەر پلەیەکی بنچینەیی بۆ دابندرێت، ئەوا سەرەتای ئاوازەکە لەپلەی پێنجەم دەست پێدەکات و پلە پلە سەردەکەوێ تاوەکو بەتەواوی ئاوازەکە ئامانجەکانی دەپێکێ، ئینجا وردە وردە دەگەڕێتەوە سەر پلەی بنچینەیی خۆی، ئەو حەیرانبێژانەی کە لەو جۆرە حەیرانەدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، تایبەتمەندی ئەوەیان تێدایە کە ژێیەکانی دەنگیان بەهێزەو توانای بەرزکردنەوەی دەنگیان هەیە، هەر بۆیەش ئەم شێوەیە زیاتر لەدەشت و دەرو شوێنی چۆڵ دەگوترێ و پێویستی بەهەڵبڕینی دەنگێکی بەهێزو بڵند هەیە بۆ ئەوەی کەسانی دەوروبەر بەئاسانی گوێیان لێبێت.

٢- **مەجلیسی:** ئەم شێوە گوتنەش ناوەکەی بەخۆیەوە بەندە کە تایبەتە بەدانیشتنی ناو دیوەخانی پیاوماقولان، هەر بۆیەش ئاوازەکەی نەرم و لەسەرخۆیەو تەنها بۆ ئەو کەسانە دەگوترێ کە لەدانیشتنەکەدا بەشدارن، ئەم جۆرە حەیرانە لەسەر پەیژەی مۆسیقادا ئەگەر هەر پلەیەکی سەرەکی بۆ دیاری بکرێت، ئەوا لەپلەی دووەم ئاوازەکە دەست پێدەکات تاوەکو پلەی پێنجەم سەردەکەوێ ئینجا پلە پلە بەپێی سروشتی ئاوازەکە بۆ پلەی سەرەکی خۆی دەگەڕێتەوە، ئەم شێوە گوتنە لەبەر ئەوەی پێویستی بەدەنگ هەڵبڕین و ماندووبوونێکی زۆر نییە، زۆربەی حەیرانبێژان توانای گوتنیان هەیە.

بۆ ئەوەی زیاتر بیسەلمێنین کە حەیران لەسەر بنچینەی گوتن و بەرزی و نزمی دەنگ و ئاواز دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر کە ئەوانیش (سەرچیایی)و (مەجلیسی)یە، دەبێ پشت بەچەند سەرچاوەیەکی زانستی و بەڵگەی باوەڕپێکراو ببەستین، کە دەبێتە هۆی پتەوکردن و چەسپاندنی بۆچوونەکانمان، بۆ ئەم مەبەستەش بۆچوونی چەندین تۆژەرو نووسەرو هونەرمەندان لەم بارەوە دەخەینەڕو:

(خالید جوتیار) دەمێکە خەریکی لێکۆڵینەوەی حەیرانە، لەبارەی جۆرەکانی حەیراندا دەڵێ: "جۆرەکانی حەیرانیش، ئەوەندەی من گوێم لەحەیران بووبێ و لەو لەوم پرسی بێ لەحەیرانی سادەو عادەتی بەولاوە تەنها جۆرێکی تر هەیە ئەویش حەیرانی (سەرچیایی) پێ دەڵێن، سەرچیاییش ئەوەیە حەیران بێژ سەرەتاکەی بەدەنگێکی زۆر بەرز هەڵدەداو ئەم هەڵدانەی تا دوابەند نەپسێنێتەوە"[1].

هەروەها (ئەسعەد عەدۆ)ش لەم بوارەدا ئەسپی خۆی تاوداوەو رۆڵی گرنگی بینیووە، سەبارەت بەجۆرەکانی حەیران دەڵێ: "ئەگەر جوان سەیری پەخشانە حەیران بکەین، هەموو لەیەك دەچن، دەتوانم بڵێم کێش و قافیەیان وەك یەکە، بەڵام لەگوتندا دوو شێوەی سەرەکی وەردەگرێ، ئەگەر لەچۆڵەوانیدا بیچڕێ پێویستە حەیرانبێژ دەنگ هەڵبڕێ تاکو بتوانێ ئەو سۆزە بگەیەنێتە شوێنی مەبەست. لەنێو کۆڕی مەجلیسدا پێویستە بەنەرمی بگوترێ، چونکە تەنیا ئەوانەی دەوروبەر مەبەستن گوێیان لەحەیرانەکە بێت، واتە ئەوەی یەکەم سەرچیایی و دووەمیش مەجلیسی"[2].

(ئەحمەد حەیران)یش سەرەڕای ئەوەی لە بۆچوونەکەی پێشتری پەشیمان بۆتەوەو دێتە سەر ئەو رایەی کە حەیران دوو جۆرە (سەرچیایی)و (مەجلیسی)، بەڵام دواتر لەساڵی ٢٠٠١دا جگە لەم دوو جۆرە، هاتووە دوو جۆری تریشی خستۆتە سەرو کارەکەی ئاڵۆزتر کردوە، هەر بۆیە لە (دیوانی حەیران بێژان)دا دەڵێ: "ئەوەی ڕاستی بێ حەیران جۆری کەمە، ئەوەی زانراش بێ تائێستا جۆرەکانی بەگوێرەی ناوچەکان دانراوە، بەڵام بەڕای من ئەم جۆرە دابەشە هەڵەیە، هەرچەندە خۆشم لەژمارە (٢١)ی کاروان وام کردووە، چونکە حەیران بەیەك نزم، ئاواز دەگوترێ کە

(١) خالد جوتیار، کورتە سەرەتایەك حەیران، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە (٦٣)، ئەیلول، ت١/ ١٩٧٧، ل٤٣.

(٢) محیەدین قادر، ئەسعەد عەدۆ: حەیران لەدەشتی هەولێر سەری هەڵداوەو دیوەخانەکانی کوردستانیش لە پەرەپێدانی فۆلکلۆر رۆڵێکی باشیان هەبووە، گۆڤاری رامان ژمارە (٦٦) کانوونی یەکەم ٢٠٠١، ل٩٣.

ئەویش شێوەی بەیاتە، واتە هەڵدان، حەیرانبێژێکی مەهابادیو دەشتی هەولێر بێنی هەردووک هەر بەیەك جۆرە ئاواز حەیران دەڵێن، بەڵام شتێ هەیە ئەمیش ئەوەیە جۆری حەیران لەشێوەی وتنەکە دەردەکەوێ"[١].

پاشان هەر لەمبارەوە دەڵێ: "سەرچیایش گشتی هەڵدانە لەسەرەتا تاکۆتایی پێویستی بەدەنگێکی بەهێز هەیە، کە لەسەرچیایی دابڕێ دێتەوە شێوە ئاسایییەکەی واتە بەنەرمی حەیران دەڵێ، کەواتە ئەگەر بەرزەکە سەرچیایی بێ بارە ئاساییە نەرمو لەسەرخۆکە دەبێ (مەجریسی) مانای وایە حەیران دوو جۆرە (سەرچیاییو مەجریسی)"[٢].

(ئەحمەد حەیران) لەدوای راستکردنەوەی ئەو بۆچوونەی پێشتری، جارێکی تریش لەچوارچێوەی هەڵسەنگاندنی کتێبی (حەیران چەمك- ناوەرۆك- سەرهەڵدان)ی (غەفوور مەخمووری)دا، خۆی تووشی هەڵەیەکی تر دەکاتەوەو دەڵێ: "من ئێستا گەیشتوومەتە بڕوایەك کەوا حەیران وێڕای جۆری مەجلیسیو سەرچیایی دوو جۆری تریشی هەیە، ئەویش حەیرانی شوانیو حەیرانی سەردولکەییە"[٣].

ئێمە لەبارەی ئەم بۆچوونە نوێیەی (ئەحمەد حەیران)دا، وەڵامێکی خۆی بۆ دووبارە دەکەینەوە کە دەڵێ: "ئەوەی ڕاستی بێ حەیران جۆری کەمە"[٤].

دوای ئەوەش خۆی دان بەوە دەنێو دەبێژی: "مانای وایە حەیران دوو جۆرە (سەرچیاییو مەجریسی)"[٥].

کەواتە چ پێویست بەو زیادکردنەی دەکاتو دوو جۆری ترمان بۆ دیاری بکات، جۆرێکی بۆ شوانو جۆرێکیشی بۆ سەردولکەی ئافرەتان، ئێمە پێمان وایە ئەو

---

(١) ئەحمەد حەیران، دیوانی حەیران بێژان، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٨٨، ل٦.

(٢) هەمان سەرچاوە... ل٦.

(٣) ئەحمەد حەیران، لێدوانی کتێبی (حەیران چەمك- ناوەرۆك- سەرهەڵدان) گۆڤاری رامان، ژمارە (٦٢) ئاب ٢٠٠١، ل٢٩٣.

(٤) ئەحمەد حەیران، دیوانی حەیران بێژان، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٨٨، ل٦.

(٥) هەمان سەرچاوە... ل٦.

حەیرانەی کە شوان لەبەر مەڕو بزندا دەیڵێ هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو حەیرانەی بەجۆری (سەرچیایی) ناسراوە، جگە لەوەش تائێستا نەمانزانیووە جۆرێکی تر هەبێت بەناوی (حەیرانی سەردولکە)، لەبەر ئەوەی سەردولکە خۆی لەخۆیدا شێوە ئاوازێکی تایبەتە بەلاواندنەوەو نووزەو ناورانەوەی ئافرەتان و جیایە لەگەڵ شێوەی گوتنی حەیران، ئافرەتی کورد جگە لەسەردولکە، حەیرانیشیان گوتووە هەریەکەو بەشێوەی خۆی، سەرەڕای هەموو ئەمانەش سەردولکە جگە لەمەقامی بەیات بەمەقامەکانی تریش دەگوترێ بۆ نموونە بەمەقامی (حیجان)یش گوتراوە، کەچی ئەمە پێچەوانەی رایەکەی (ئەحمەد حەیران) خۆیەتی کە دەڵێ: "چونکە حەیران بەیەك نزم، ئاواز دەگوترێ کە ئەویش شێوەی بەیاتە"(١).

هەروەها (سەعدوڵڵا شێخانی)یش لەبارەی جۆرەکانی حەیران دەمێکە رای خۆی داوەو سووریشە لەسەر بۆچوونەکەی و چەندین جاریش جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوەو دەڵێ: "حەیران دوو جۆرە:

١- **حەیرانی (کۆچك و دیوانان) مەجلیسی**.

٢- **حەیرانی هەوایی- سەرچیایی- هەڵدانی- سواری**"(٢).

(غەفوور مەخمووری)یش یەکێکە لەو کەسانەی کە بەبایەخەوە گرنگی بەلێکۆڵینەوەی حەیران داوەو سەبارەت بەم لایەنەش بۆچوونی خۆی یەکلاییکردۆتەوەو دەڵێ: "بەڕای من حەیران هەر حەیرانە!! بەڵام سروشتی دەنگی حەیرانبێژەکە وادەکات کەوا حەیران دابەشی دوو جۆر بکەین:

أ- **سەرچیایی**: ئەم جۆرە حەیرانە بەهەوایەکی بەرز دەگوترێت و دەبێت چینەکانی دەنگی حەیرانبێژەکە بەهێزبن و بەدەنگێکی بەرز حەیرانەکە هەڵبدات، باشترین حەیرانبێژان لەم مەیدانەدا (عومەر گاوەرەیی)و خوالێخۆشبوو (حەمەد بەگی)ن ئەگەر

---

(١) هەمان سەرچاوە... ل٦.

(٢) سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی، سەربردەی کۆمەڵە حەیران بێژێکی کورد، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٨٨، ل٦.

گـوێ بدەینـە کاسـێتە تۆمارکراوەکانیـان بۆمـان دەردەکـەوێت کـەوا تـا چ رادەیـەک سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە.

**ب- مەجلیسی:** ئەم جۆرە حەیرانە تایبەتە بەمەجلیس و دانیشتنی نێودیوەخان و کۆچك و سـەرای پیاوماقوولان و بـەدەنگێکی نـزم و لەسـەرخۆ دەگوترێـت، تـەنها دانیشتوانی نێو مەجلیسەکە گوێیان لێ دەبێت باشترین حەیرانبێژی ئەم بوارەش مام (خدر خەرەبەدراوی)یە"[1].

پاشان (غەفوور مەحمووری) لەدوا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی لەم بابەتەدا دەڵێ: "وردبوونەوە لەم بۆچوونانە دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە حەیران بەپێی ئەو ئاوازەی حەیرانی پێدەگوترێ دابەش دەکرێ و دوو جۆرە (سەرچیایی و مەجلیسی)"[2].

(ئیدریس قەراجی)ش دەقاو دەق پاڵپشتی رایەکەی (غەفوور مەحمووری) دەکات و لەدوا ئاکامی باسەکەی لەم بابەتەدا دەڵێ: "کەواتە لەم باسەماندا لەجۆرەکانی حەیران گەیشتینە ئەو رایەی کە بەپێی ئاوازی گوتنی حەیران دابەش دەکرێ، نەك بەپێی ناوچە، زۆربەی بیروراکان لەسەر ئەم بیرو باوەڕدان"[3].

بۆ هەمان بابەت رای (وریا ئەحمەد)ی هونەرمەندمان وەرگرت، ئەویش هەمان بۆچوونی هەبوو گوتی: "منیش وەك توێژەران وای دەبینم کە دوو جۆر شێوە (حەیران)مان هەیە (سەرچیایی یان چیایی) و (مەجلیسی یان دیوەخانی)"[4].

---

(١) غەفوور مەحمووری، سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەك لەژیانی حەمەد بەگی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٩، ل٩-١٠.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

(٣) ئیدریس قەراجی، حەیرانی دەشتی هەولێر، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١)، زستانی ١٩٩٨، ل١٩٧.

(٤) پەیوەندییەك بەهۆی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ (وریا ئەحمەد)ی هونەرمەند لەرۆژی سێشەممە ١٨ی ئاداری ٢٠٠٣ لەهۆڵەندا.

هـەروەها خوالێخۆشـبوو مـام (حوسـێن کێـشکێ)یـی حەیرانبێـژ لەدیمانەیـەکی گۆڤاری راماندا بەم شێوەیە جۆرەکانی حەیرانی دەستنیشان کردووەو گوتوویەتی:

"حەیران دوو هەوای هەیە:

* سەرچیایی: لەشوێنێکی بـەرزو بـەدەنگێکی بـەرز دەگـوترێ و دوور دەڕوا بـۆ ئەوەی ئەگەر بەرامبەرەکەی دووریش بێ، گوێی لێ بێ.

* مەجریسی: بـەدەنگێکی نـزمتر دەگـوترێ و تـەنیا بـۆ ئامـادەبووانی نێـو مەجریسەکەیەو دوور ناڕوا"[1].

کەواتە ئەم بۆچوونانەی سەرەوە هەموو لەگەڵ ئەوەدان (حەیران) لەسەر بنچینەی گوتن (اداء) دابەش دەکرێت، ئێمەش هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێداو جارێکی تریش جەخت دەکەینەوە کە (حەیران) بەپێی ئاستی بەرزی و نزمی ئاوازەکە یاخود گـوتن (اداء)ی حەیرانبێژەکـە جۆرەکـانی دەستنیـشان دەکرێـت کـە بـریتین لـە (سەرچیایی)و (مەجلیسی).

(١) محیـەدین قـادر، دیمانـە، مـام حوسـێن کێـشکێیی: بەحـەیرانی غـەریبی ژن و پیـاوم گریاندووە، گۆڤاری رامان ژمارە (٦١) تەمموز ٢٠٠١، ل٩١.

# بەندی سێیەم:
# شوێنی سەرهەڵدانی حەیران

لێدوان و گفتوگۆ کردن و دیاریکردنی شوێنی سەرهەڵدانی حەیران کارێکی وائاسان نییە، کە ئێمە بتوانین لەخۆوە بڕیاری یەکلاییکەرەوەی لەبارەوە بدەین، بەڵکو پێویستیمان بە بەڵگەی سەلمێنەرو باوەڕپێکراو هەیە بۆ ئەوەی لەمبارەوە بدوێین و شوێنی راستەقینەی سەرهەڵدانی دەستنیشان بکەین، سەبارەت بەم بابەتە دەمێکە ئاگاداری ئەوەین کەوا مشتوومڕێکی زۆر لەبارەی مەڵبەندی سەرهەڵدانی حەیران لەئارادایەو تاوەکو ئەو کاتەشی لەگەڵدا بێت ئەو بۆچوونانە پێچەوانەی یەکن، هەندێك لەلێکۆڵەران پێیان وایە کە حەیران لەمەهابادەوە سەری هەڵداوەو ئینجا لەوێوە پەلی هاوێشتووە بۆ دەشتی هەولێر، هەندێکی تریش پێچەوانەی ئەو رایەن و دەشتی هەولێر بەتایبەتی قەراج و کەندێناوە بەمەڵبەندی سەرهەڵدانی حەیران دادەنێن و چەند بەڵگەیەکیشیان بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکەیان خستۆتەڕوو، دیارە ئێمە لەم نێوەندەداو دوای ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکان و خوێندنەوەو بەکارهێنانی چەندین سەرچاوەی زانستی گەیشتینە ئەو رایەی کەوا حەیران لەدەشتی هەولێر بەتایبەتی مەخموورو قەراج و کەندێناوە سەری هەڵداوە، واتا بۆچوونی دووەم بەڕاستتر دەزانین، بۆ سەلماندنی ئەو رایەش بەڵگەی باوەڕهێنانمان بەدەستەوەیە، بۆیە لەبەرایی‌دا بۆ ئەوەی بەشێنەیی بخزێینە ناو لێدوان و گفتوگۆکان، پێویستە هەردوو بۆچوونی کە پێچەوانەی یەکترن بخەینەڕوو، ئینجا پاشان بەپێی پێویست سەرنج و تێبینی خۆمانی لەبەرامبەردا روون دەکەینەوە.

(خالید جوتیار) کە یەکەمین نووسەر بوو ئەو بابەتەی وروژاندو دەڵێ:

"لەمەسەلەی پەیدا بوونی حەیران من لەو قسەیەی (د.مارف خەزنەدار) زیاتر شك نابەم کە گوتی (حەیران یان لەخاکی مەهابادەوە هاتۆتە دەشتی هەولێر یان

بەپێچەوانەوە).. (موحازەرەیەکی ساڵی ١٩٧٦) با ئەم قسەیەی دکتۆر هەڵگێڕو وەرگێڕ بکەمەوە، جارێ دیارە ڕایەکە زۆر چەسپاو نییە، بۆیە دەڵێم، ئەگەر لە مەهابادەوە هاتبێت بۆ دەبێ ناوچەی (باڵەك و خۆشناوەتی) بازدابێ و یەکسەر هاتبێتە دەشتی هەولێر، لەسەرێکی تریشەوە ئەگەر لەهەولێرەوە چووبێتە ئەودیوو دیسان هەمان کۆسپی تر دێتە پێشەوە"[(١)].

(خالید جوتیار) لەبارەی ئەم بابەتەوە پشتی بەموحازەرەیەکی (د.مارف) بەستووە کەچی هەر خۆشی رایەکەی زۆر پێ چەسپاو نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر سوورە لەسەر رایەکەی و دەڵێ: "بە باوەڕی من حەیران هەر لەدیووی ئەودیووەوە هاتۆتە دەشتی هەولێر لەبەر ئەوەی پیرەمێردی واهەبوون ناوچەی (کەندێناوە)یان بە چۆڵی دیووە، لەلایەکی تریش حەیران لەدەشتی مەرگەو پشدەریش هەیە (من گوێم لەحەیرانیان نەبووە) دیارە ئەمە لەڕێی هاتوچۆی هەردوو دیوەکە تەشەنەی بۆ ئەم لاکردووە. هۆیەکی گرنگ تریش هەیە کە وام لێ دەکات ئەم ڕایە دەربڕم ئەویش ئەوەیە عەشیرەتی دزەیی (کە حەیران بەزۆری لای ئەوان هەیە) کاتی خۆی لەناوچەی (دزە)ی ئەم دیووەوە هاتوون بۆیە دەبێ لەگەڵ هاتنیان و نیشتەجێ بوونیان لەم ناوچەیە ئەم حەیرانە هاتبێ و بۆ ناوچەکانی تری هەولێر نەچووبێ، بۆیە لەدوا وتەدا دەڵێم لانکی سەرەتای حەیران لای مەهابادە"[(٢)].

ئێمەش لەوەڵامی (خالید جوتیار)دا دەڵێین: ناکرێ پشت بەموحازەرەیەکی (د.مارف خەزنەدار) ببەستین، لەبەر ئەوەی ئەویش رایەکی راستەوخۆو چەسپاوی نەداوە، سەرەڕای ئەوەش لەو رایەیدا ئاماژەی بەهیچ سەرچاوەیەکی زانستی نەکردووە، سەبارەت بەوەش کە کەندێناوە بەچۆڵی بینراوەو حەیرانیش بەهۆی دزەییەکانەوە هاتبێتە ئەو ناوچەیە! ئێمە لەمبارەوە دەڵێین: هەرگیز بەر لەهاتنی دزەییەکان ئەو ناوچەیە چۆڵ نەبووە، بەڵکو چەندین هۆزی تری تێدا نیشتەجێ بووە،

---

(١) کورتە سەرەتایەك حەیران، خالد جوتیار، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (٦٣) ئەیلول، ت١/ ١٩٧٧، ل٤٣.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو... ل٤٣.

ئەوەتا (کەریم شارەزا) لەبارەی هاتنی دزەییەکانەوە دەڵێ: "قەرەنی ئاغای دزەیی لەدوای ساڵی ١٧٥٠دا لەگەڵ کوڕەکانی لەدەشتی کۆیەو بەستی شەڵغە بۆ (بێستانەو سەرمەزرا) سەرکەوتن و هاتن لە گردمەلاو شوێنی قوشتەپە خانوو بەرەو گوندیان دروست کردو لەدوای ئەو زاتە کوڕو نەوەکانی چوار بەرەبابیان لێ کەوتەوە: بەرەبابی فارس و کاکەخان و بایزو پاشا ئەوانە بەدەستەڵات بوون وەك هێزێکی نوێ بەدەشتەکانی مولکیەو کەندێناوەو قەراج و شەمامك دا بڵاو بوونەوە، لەسەرەتادا عەشیرەتە کۆنەکانی ئەو مەڵبەندانەی وەك (سیان)و (مامەسێنی)و (سارمەمی)و هی دیکە بەهاتنی دزەییان بۆ ناوچەکانیان سەغڵەت بوون، بەڵام لەدواییدا کە بینیان دەورێکی باشیان لەبەر بەستکردنی شالاوی بەعارەب کردنی ناوچەکانیان هەیە حەزیان بەهاتنی ئەو هێزە نوێیەی کورد کرد"[١].

کەواتە بەپێی ئەمە بۆمان روون دەبێتەوە کە پەیدا بوونی حەیران نەبەستراوەتەوە بەهاتنی دزەییەکان، بەڵکو دەکرێ بڵێین دزەییەکان رۆڵێکی باشیان بینیوە لەبەرەو پێشبردن و بوژاندنەوەی حەیران و هاندان و رەخساندنی زەمینەی گونجاوو لەبار بۆ حەیرانبێژانی ئەو ناوچانە، ئەگەر بمانەوێ جارێکی تریش لەرایەکەی (د.مارف) خۆمان دڵنیا بکەینەوە کە (خالید جوتیار) پشتی پێی بەستووە، دەبینین پێنج ساڵ بەر لەئەمڕۆ (د.مارف) رایەکی تری لەبارەی سەرەتای پەیدا بوونی حەیران خستوتەڕوو و دەڵێ: "ئەوەی من گەیشتوومەتێ، حەیران و لاوك یەك بابەتە ئەدەبی میللین، زیاتریش مەیلم بۆ ئەوە دەچێ لاوکی کوردستانی سەروو لەحەیران کۆنتر بێ، دوور نییە لەرێگەی زێی گەورە (زێی بادینان) یا رەواندزو مێرگەسوورەوە هاتبێتە دەشتی هەولێر، واتە لاوکی دیالێکتی کرمانجیی سەروو بووبێ بەحەیرانی دیالێکتی کرمانجی خواروو"[٢].

---

(١) کەریم شارەزا، برایماغای بایزاغای دزەیی و بەربەستکردنی بەعارەب کردنی دەشتی مەخموور، گۆڤاری قەرەچووغ، ژمارە ٣ی پاییزی ١٩٩٩و ٤ی زستانی ٢٠٠٠، ل٢٨.

(٢) عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، داستان و گۆرانی لەفۆلکلۆری کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر، ١٩٩٨، ل١٨٥.

بەلای ئێمەوە ئەو رایەش روون نییەو ناکرێ راستەوخۆ پشتی پێ ببەستین، لەبەر ئەوە ئاشکرایە کوردستان بەدرێژایی مێژوو هەمیشە لەژێر دەستەڵاتی داگیرکاراندا بووەو خاکەکەشی بەردەوام بەدابەشکراوی ماوەتەوە، لەبەرامبەر ئەمەشدا بوونی زۆری دیالێکت بەڵگەی ئەوەمان پێدەبەخشێ کە هەمیشە کورد لەیەکتری دوورخراوەتەوەو رێگەی ئەوەشی پێنەدراوە زمانێکی ستاندار دروست بکات، هەر لەم روانگەشەوە دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین: ئەگەر کورد رێگەی پێنەدرابێ لەهەموو بەشەکانی کوردستان (باکوور، باشوور، رۆژهەڵات، رۆژئاوا) لەیەکتری نزیك ببنەوە، چۆن دەکرێ متمانە بەوە بکەین کە حەیرانی کرمانجی خواروو سەرچاوەی پەیدا بوونی لەلاوکی کرمانجی سەروو وەرگیرابێ، جگە لەوەش حەیران تەنها لەمەقامی (بەیات) دەگوترێ، بەڵام هەرچی (لاوك)ـە لەمەقامی (بەیات)و (حیجاز)و هی تریش دەگوترێ، بۆیە ناکرێ بێ بەڵگەی زانستی بگوترێ، حەیران لە لاوك وەرگیراوە.

هەر سەبارەت بەم رایە (جەلال سنجاوی)یش چەندین نووسین و وتاری لەمبارەوە بڵاوکردۆتەوەو پشتگیری لە بۆچوونەکەی (خالید جوتیار) دەکات دەڵێ: "بیروراکەی (خالید جوتیار) لەڕاستی نزیکترەو ئایندەکەشی گەشبینە، ئەم رایە زانستی تریش دەبوو گەر بەمجۆرە بوایە: حەیران لەناوچەکانی موکریانەوە بۆ دەشتی هەولێر هاتووە تێکەڵ بەلێشاوی کۆچڕەوی عەشیرەتەکان و بڵاو بوونەوەی ئایینە کۆنەکان لەکوردستان بووە"[(١)].

پاشان لەنووسینێکی تریدا دەڵێ: "بەدووری نازانم گەر بڵێم حەیران پاشماوەی تەقینەوەی چەند ئەفسانەیەکی کوردەواری بێت و بەدرێژایی رۆژگار تێکەڵ بەئەڤینی مرۆڤ بووبێ و کورت کرابێتەوە.. یا توولە رێیەکی سۆفیگەری و کاریگەری ئایینی و یەکتاپەرستی بەسەریدا زاڵ بووە، ئەنجام لەناو جوانی سروشت و ئەڤینی دڵداری مەییوە"[(٢)].

---

(١) جەلال مەولوود ئەحمەد، لانکەزای حەیران، گۆڤاری رامان، ژمارە (٢١) ئاداری ١٩٩٨، ل١٧٣،١٧٢.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو... ل١٦٩.

(جەلال سنجاوی) لەهەردوو نووسینەکەیدا ئەوەمان پێڕادەگەیەنێت کە حەیران لەبنچینەدا لەئەنجامی تەقینەوەی پاشماوەی چەند ئەفسانەیەکی کوردەواری پەیدا بووەو کاریگەری سۆفیگەری و ئایینی و یەکتاپەرستی بەسەریدا زاڵبووەو لەئاکامیشدا رەنگدانەوەی جوانی سروشت و دڵداری لێ هاتۆتە ئاراوە، ئێمە لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەدا دەڵێین: ئەو کاتە ئەم رایە کاریگەری خۆی دەبوو ئەگەر بهاتبایە ئەم هونەرە مێژوویەکی کۆنی هەبوایە، بەڵام ئێمە پێمان وانییە کە حەیران مێژووی پەیدا بوونی بەو رادەیە کۆن بێ تاوەکو سەرچاوەکەی بگەڕێنینەوە بۆ ئەفسانە کوردییەکان و ئایینە کۆنەکان، (بەدران ئەحمەد) لەمبارەوە دەڵێت: "بەبڕوای من، مێژووی لەدایکبوونی ئەم هونەرە زۆر کۆن نییەو رەنگە بۆ ٢٠٠–٢٥٠ ساڵێك لەمەوبەر بگەڕێتەوە"[(١)].

(بەدران ئەحمەد) سەبارەت بەدیاریکردنی ئەم مێژووە بۆ سەرەتای پەیدابوونی حەیران لەسەر زاری باپیریەوە بۆ بەڵگە ئەم بەسەرهاتەمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "مام برایم هەبوو لەگوندی ئێمە. گوندەکەمان ناوی دوشیوان و لەکەندێناوە بوو، ئێستە ئەو گوندە نەماوەو کوێر کراوەتەوە، من خۆشم (مام برایم)م دیبوو. ئەو کاتە پێش ساڵی ١٩٧٠ تەمەنی گەیشتبووە سەرووی سەد ساڵ، خەڵك وایان دەگوت، ئەم مام برایمە یەکێك بوو لەمێژووزان و بیرەوەری گێڕەوەکان و بیرێکی یەکجار تیژی هەبوو، دەنگوباس و بەسەرهات و رەگ و رەچەڵەکی رەنگە ٢٠٠–٣٠٠ ساڵی خەڵکی ئەو ناوچەیەی زانیبی"[(٢)].

(بەدران ئەحمەد) بەردەوام دەبێت لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکەو دەڵێت: "لەبارەی پەیدا بوونی حەیران و جێگەی سەرهەڵدانیەوە، مام برایم گوتبووی لەفلانە کەسم بیستووە (کە بەداخەوە من ناوی ئەمەیانم لەبیر نەماوە) یەکەمین حەیرانبێژ کە حەیرانی داهێناوە یەکێك بووە بەناوی (حەمەد حەیران) و شوانی گوندی گاوەرە

(١) غەفوور مەخمووری، حەیران چەمك، ناوەڕۆك، سەرهەڵدان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٢.
(٢) هەمان سەرچاوە... ل١٣.

بووە، ئەم حەمەد حەیرانە شوانە، مێگەلی خۆی لەبناری قەرەچووغ و لەداوێنەکانی گوندی مەلاکاغاو گردەشینە لەوەڕاندووەو دوای رۆژئاوا بوون و دەمەدەمی شێوان مێگەلەکەی بەرەو گوندەکەی گەڕاندووەتەوە، لەو کاتانەدا تێی هەڵکردووەتە حەیران و دەنگێکی هێندە پڕی هەبووە کە لەگوندی دووشیوان خەڵك گوێیان لێ بووە. مام برایم گوتبووی: ئەم حەمەد حەیرانە یەکەمین کەس بووە کە حەیرانی گوتووەو ئەم هونەرەی هێناوەتە ئەم ناوچەیە، بەڵام زیاتر وا پێ دەچێ خۆی داهێنەری ئەم هونەرە بووبێ. بەقسەی مام برایم ئەمە یەکەمین کەس بووە کە حەیرانی گوتووە"[(١)].

(غەفوور مەخمووری)یش بەوردی لەم بابەتەی کۆڵیوەتەوەو لەبارەی سەردەمی سەرهەڵدانی حەیران دەڵێت: "حەیران لەقۆناغی دەرەبەگایەتیدا گەشەی سەندووەو بایەخی خۆی پێدراوەو هەر لەو سەردەمەشدا بەتەواوی گەیشتۆتە چلە پۆپەو سەرهەڵدانەکەشی لەو سەردەم نەبێ ئەوا زۆر پێش ئەو سەردەم نەبووە"[(٢)].

کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونانەوە بێت حەیران مێژوویێکی زۆر کۆنی نییەو سەرەتای پەیدا بوونی ئەوپەڕی دەگەڕێتەوە بۆ (٢٥٠-٣٠٠) ساڵ بەر لەئەمڕۆ، هەر بۆیە بۆچوونەکەی (جەلال سنجاوی) ناتوانین بەرایەکی جێگیرو چەسپاو دابنێین و بۆ سەرەتای پەیدا بوونی حەیران پشتی پێببەستین. لێرەدا بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین: لانکی سەرەتای سەرهەڵدانی حەیران دەشتی هەولێر بەتایبەتی مەخموورو قەراج و کەندێناوەیە، دیارە ئەم بۆچوونەشمان هەروا لەخۆڕا رانەگەیاندووە، بەڵکو پشتمان بەچەندین سەرچاوەی زانستی بەستووە، کە لەئەنجامی کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەو نووسین و وتاری هەمەجۆر هاتۆتە ئاراوە.

(ئەسعەد عەدۆ) یەکێکە لەو کەسانەی کە بەوردی هەڵوەستەی لەسەر ئەم بابەتە کردووەو یەکەمین لێکۆڵەریشە بەرامبەر رایەکەی، (خالید جوتیار) وەستاوەو بەچەندین بەڵگەی سەلمێنەر وەڵامی داوەتەوە. لەمبارەوە دەڵێ: "منیش بۆ چەسپاندنی

(١) هەمان سەرچاوە... ل١٣،١٤.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو... ل٦١

ڕایەکەی خۆم دەمەوێ ئەم بۆچوونانە هەڵگێڕو وەرگێڕ بکەم، دەربارەی بۆچوونەکەی د.مارف خەزنەدار قسەی لێ ناکەم چونکە کاک جوتیار گوتەنی: (چەسپاو نییە) دەربارەی ڕایەکەی جوتیارو دزەیی[1] لەپاش ئەوەی کاک خالد کەمێك هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکا، ئینجا دێتە سەر ئەوە کە گوایە دزەییەکان لەگوندی (دزە)وە هاتوون، حەیرانیش بەهۆی ئەوانەوە هاتۆتە دەشتی هەولێر. بۆ ئەم دوو ڕایە دەڵێم: ئەگەر بێتو سەرنج بدەینە ئەو هەموو حەیرانانەی گوێ بیست بووین..

- لایانی جوگرافی، بەهیچ جۆرێ نێوی گوند، ناوچە، چیا، ڕووبار.. تاد پارچەکانی تری کوردستان ناهێنێ، ئەگەر بۆ خاتری (کچەتیم حەیران)و (کینایە) نەبێ.
- لایانی ئایینی، کێ لە ئێمە مانان گوێی لەحەیرانێکی دەروێشان بووە کە نێوی شێخێك یا پیاوچاکێکی غەیری ناوچەی سەرهەڵدانی حەیران واتە دەشتی هەولێر بووە؟
- چ حەیران بێژێك لەپەخشانە حەیرانەکەیدا بەخۆزگەی ئامادەکردنی دەرمان، یان کڕینی کەلوپەلی کچەتیم حەیران لەکۆیەو هەولێرو قۆچە موسڵ زیاتر ڕۆیشتووە؟
- چەندان حەیرانمان هەیە بەخۆزگەی دروست کردنی (لانك) یان (خەزێم) هانا دەباتە بەربرادەرەکانی بۆ ئەوەی (وەستایان) بێنن لە(دیاربەکرێ) یان (حەرەبێ)؟!
- لەلای هەموومان ئاشکرایە کە هەر ناوچەییێك لەکوردەواری خۆمان نێوی ئافرەتانی تاڕادەییێك تایبەتە، کێ لەحەیران دا لەم ناوانەی زیاتر بیستووە (هەمین، ئەسمەر، خەجیج، زەریخ، نەخشین، عەنیف، عەیشۆك، ئامین) کە بەزۆری لەدەشتی هەولێر باون، بۆ چ ماڵێك هەیە لەدەشتی هەولێر نێوێك لەم نێوانەی تێدا نەبێ؟
- لە چ حەیرانێك گوێ بیست بووین کە هەورو باران یان کۆچ و کۆچبار لە (قەرەچووغ، زوورگەزراو، کەرکێ حوسێنی غازی، قەپران، قەرەبۆت) زیاتر ڕووی دابێ؟!

(١) مەبەستی لە (عومەر دزەیی) هونەرمەندە.

- بۆ ئێمە حەیران بکەینە موڵکی ئاغاکانی دزەیی، خۆ هیچ گومان لەوەدا نییە کە بنەماڵەی ئاغاکانی دزەیی دەورێکی زۆر زۆر باڵایان هەبووە لەپەیدا بوون و سەرهەڵدان و پارێزگار کردنی حەیران و حەیران بێژان، بەڵام ئەوەی گوندی (دزە)ی دیبێ و ئەم ڕایەی کاك جوتیار بخوێنێتەوە خوا دەزانێ بەگوڕ فرمێسك بۆ حەیران دەڕێژێ چونکە (نەهەوارەو نەبوارە) خۆ ئەگەر بڵێم بەهۆی ئێمەوە ناوی حەیرانیان بیستبێ ئەوە هیچ گومانی تێدا نییەو بڕواتان بێ!!
- ئەگەر سەیری زمانی حەیران بکەین، بێ گفتوگۆ لەشێوەی شاری هەولێر بەتایبەت ناوچەی دەشتی هەولێر بەدەر نییە.
- باری ژیانی کوردەواری لەهەموو ڕوویێکەوە بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی حەیران و جۆرەکانی تری گۆرانی کە تایبەتە بەناوچەیێك.
- لەکۆتاییدا دووبارە دەڵێم لانکی سەرەتای پەخشانە حەیران و حەیران بێژەکان، دەشتی هەولێرەو دیوەخانەی ئاغاکانی دزەیی و ئاقاری ئەو دەشتە پان و بەرینەدا شوان و شوانکاریەیی و شەوبەکێ و... تاد، بوونەتە شوێنی سەرهەڵدانی"(1).

(ئەسعەد عەدۆ) زۆر بەجوانی و وردی و بەڵگەی سەلمێنەرەوە شوێنی سەرهەڵدانی حەیرانی دیاری کردووەو هیچ گومانێکیشی بۆ ئێمەو توێژەرانی تر نەهێشتۆتەوە، بەڵکو بەتەواوی ئەم لایەنەی ڕوون کردۆتەوەو ڕایەکانیشی دروست و بەجێن.

(سەعدوڵڵا شێخانی)یش بەتەواوی پشتگیری لە بۆچوونەکەی (ئەسعەد عەدۆ) دەکات و دەڵێ: "منیش دەنگی خۆم داوێمە پاڵ دەنگی کاك ئەسعەد عەدۆ دەربارەی ناوی ئافرەت و بارودۆخ و شێوەی زمانی حەیران"(2).

---

(1) ئەسعەد عەدۆ، لاوك و حەیران لەفۆلکلۆردا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٠) ساڵی ١٩٨٦، ل١٥٥-١٥٦.

(2) سەعدوڵڵا شێخانی و خالید جوتیار، حەیران و مەرگی غەریبان، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٩٠، ل٢٥.

سەرەڕای ئەوەش (سەعدوڵڵا شێخانی) خۆی لەم بابەتەی کۆڵیوەتەوە هەر بۆیە دەڵێ: "گەیشتمە ئەوەی کە حەیران (لەدەشتی هەولێر بەتایبەت مەخموورو قەراج و کەندێناوە سەری هەڵداوە بڵاوبۆتەوە بۆ دەوروبەری کۆیەو پشدەرو خۆشناوەتی..."[1].

(غەفوور مەخمووری)یش یەکێکە لەو توێژەرانەی کە بایەخێکی تەواوی بەحەیران داوەو سەبارەت بەمەڵبەندی سەرهەڵدانی حەیران دەڵێت: "هەروەك ڕوون و ئاشکرایە مەڵبەندی حەیران دەشتی هەولێرو قەراج و کەندێناوەیە. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە زۆربەی حەیرانبێژەکان خەڵکی ئەم ناوچەیەن و ناوی ئەو شوێن و ناوچانەی نێو حەیرانەکان هەمووی هی ئەو دەشتە پان و بەرینەیەو کەم حەیرانبێژ هەیە ناوی قەراج و کەندێناوەو هەولێر نەهێنێ، بێجگە لەمە کاتێك حەیرانبێژ دەست بەگوتنی حەیرانەکەی دەکات لەقەراج و مەخموور هەر دەستێ و بۆ هەر کوێیەك بڕوا هەر دەگەڕێتەوە ئەو ناوچەیە"[2].

(ئەحمەد حەیران)یش پشتگیری لەرایەکەی (غەفوور مەخمووری) دەکات، بۆیە لەکاتی هەڵسەنگاندنی نامیلکەی (حەیران چەمك– ناوەڕۆك– سەرهەڵدان)دا، لەژمارە (٦٢)ی گۆڤاری رامانـدا بەتەواوی ئەم رایە پەسند دەکات و دەڵێ: "دەتوانین بۆچوونەکانی ناو ئەم نامیلکەیە بەڕاست بگرین و بڵێین حەیران لەدەشتی هەولێرەوە سەری هەڵداوەو پەلوپۆی بۆ ناوچەکانی تر هاوێشتووە"[3].

هەر لەمبارەوە (عثمان شارباژێری) دەڵێ: "وەك چۆن (لاوك) تایبەتە بەزاریی کرمانجی باکوور (حەیران)یش تایبەتە بەزاریی کرمانجی باشوور بەتایبەتی بەزاریی

(١) هەمان سەرچاوە... ل٢٤.

(٢) غەفوور مەخمووری، سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەك لەژیانی حەمەد بەگی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٩، ل١٧.

(٣) لێدوانی: ئەحمەد حەیران، حەیران چەمك، ناوەڕۆك، سەرهەڵدان، گۆڤاری رامان، ژمارە (٦٢) ٥ی ئابی ٢٠٠١، ل٢٩٤.

سۆران و تایبەتی تر بەناوچەی (هەولێر). لەمەڵبەندەکانی (حەریرو شەقلاوەو هیران و دەشتی هەولێرو کۆیەو رانیە) و بەتایبەتی لەناو عەشیرەتەکانی (گەردیی و دزەیی و خۆشناو) ئەم (بەیت) و (هەوا) یە سەری هەڵداوەو لەوانەوە بەکوردستاندا بڵاوبۆتەوە"[١].

لەسەر هەمان بۆچوون (رزگار خۆشناو) ی هونەرمەندیش دەڵێ: "ئەم شێوەیە تایبەتە بەناوچەی (سۆران)، بەتایبەتی لەم هەرێمانەدا بنجی خۆی داکوتاوەو بووە بەزمانحاڵی خەڵك:- (دەشتی هەولێر- بەشێك لەخۆشناوەتی- بەشێك لەهەرێمی پشدەر)"[٢].

هەر لەبارەی سەرهەڵدانی حەیرانەوە (وشیار ئەحمەد ئەسوەد) ی نووسەرو هونەرمەند دەڵێ: "کە دەڵێین (حەیران)، واتە دەڤەری هەولێر"[٣].

(وشیار ئەحمەد) وردتر لەم بابەتە قووڵ دەبێتەوەو دەڵێ: "حەیران ڕەسەنترین ئاخاوتنی هونەرییە کە سۆزی کوردانە لەلاواندنەوەو مەقامدا بەرجەستە دەکات و دایدەڕێژێ. سەرجەم دەڤەری هەولێر، دەشتی قەراج و کەندێناوەو گەردی و بەڕانەتی و زرارەتی، هەولێر تا قوشتەپەو پردێ و دووبز بەمەخمووررو دیبەگە گرێ دەدات و هەر لەهەولێرەوە بۆ پیرمام و شەقڵاوەو سەرجەم خۆشناوەتی لەگەڵ دەشتی هەریرو خەلیفان و دیاناو ڕەواندزو حاجی ئۆمەران و چۆمان و سیدەکان، لەوێوە لەگەڵ (لاوك) دا یەکدی دەگرنەوەو لەو سنوورەدا دەپەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ورمێ و خانێ و شنۆو نەغەدە"[٤].

---

(١) عثمان شارباژێری، گەنجینەی گۆرانی کوردی، چاپخانەی الزمان، بغداد، ١٩٨٥، ل٤٠١.

(٢) رزگار خۆشناو، مەقامە تایبەتیەکانی کورد، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (٨١)، حوزەیران، تەمووزی ١٩٨٠، ل٤٠-٤١.

(٣) وشیار ئەحمەد ئەسوەد، جوگرافیای مەقامە کوردییەکان، گۆڤاری رامان ژمارە (٤٧) مایس ٢٠٠٠، ل٢٧٧.

(٤) هەمان سەرچاوە... ل٢٧٧.

هـەروەها (عـەزیز شـارۆخی)ی هونەرمەنـد کـە خـۆی خـەڵکی مـەهابادەو تـاوەکو ئێستاش هـەر لـەوێ ژیـان بەسـەر دەبات، سـەبارەت بـەم بابەتـە دەڵێت: "مـن نـازانم سەرەتا حەیران لەکوێ سەری هەڵداوەو بەچەند هێڵ بەکوردستاندا بڵاوبۆتەوە بەڵام من حـەیرانم بەزاری حـەیران بێـژانی هـەولێر پـێ خۆشترە لەحـەیران بێـژانی ناوچـەی دیکەی کوردستان"[(1)].

کەواتە ئەوە راو بۆچوونی هونەرمەندێك لە مەهابادەوە، چۆن دەکرێ بەبێ بەڵگەی زانستی بڵێین حەیران لـە مەهابادەوە سەری هەڵداوە، هـەروەها بۆ هـەمان بابـەت لـە (سالح سنەیی) هونەرمەندمان پرسی کە خۆی خەڵکی شاری (سنە)یە، لـەمبارەوە بەراشکاوی گوتی: "من نەمبیستووە حەیران لای ئێمە سەری هەڵدابێ، بەڵام خۆشم هەندێك سەرەدەری لێدەردەکەم و جارجاریش حەیران دەڵێم"[(2)].

(جەلال مەلا حەسەن خۆشناو)یش بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە دەڵێ: "حـەیران تایبەتە بەشێوەزاری سۆرانی و لەدەشتی هەولێر سەری هەڵداوە"[(3)].

بۆ ئەوەی زیاتر لەم بابەتە بکۆڵینەوەو مەڵبەندی سەرهەڵدانی رەسەنی ئەم هونەرە بەتـەواوی دەستنیـشان بکـەین، رای چـەند هونەرمەنـدێکی تـریش لـەمبارەوە وەردەگرین. بۆ نموونە (زاهیر محەمەد)ی هونەرمەند بەم جۆرە باس لەشوێنی پەیدا بوونی حـەیران دەکات و دەڵێ: "هەندێ کـەس پێیان وایـە (حـەیران) گواستراوەتەوە لەموکریانـەوە بـۆ دەشـتی هـەولێرو دەوروبـەری. مـن بەسـووربوونەوە ئـەم رایـە ڕەت دەکەمـەوەو هـیچ وانییـە.. حـەیران زۆر تایبەتـە بەدەشـتی هـەولێرو دزەییـاتی و دەوروبـەری هـەولێرو تـا ناوچـەی نزیـك ڕەوانـدزیش و نزیکـی کۆیـەش... لەوانەیـە

(1) هەڤپـەیڤین: ئاسـۆی فۆلکلـۆر، شـارۆخی و جیهـانی فۆلکلـۆر، گۆڤـاری ئاسـۆی فۆلکلـۆر، ژمارە (٤)، نیسانی ٢٠٠١، ل٢٢٣.

(2) دانیشتنێکی تایبەت لەگەڵ هونەرمەند (سالح سنەیی) لە ٢٠٠١/٤/٢٨ لەشاری هەولێر.

(3) محیـەدین قـادر، جـەلال مـەلا حەسـەن خۆشـناو: لاوك دەنگـی چـیاییەکان و دەنگـی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، گۆڤاری رامان، ژمارە (٦٤) تشرینی یەکەم ٢٠٠١، ل١١٠.

لەوێشەوە پەڕیبێتەوە بۆ دوورتر تا موکریان و دەوروبەری. ئەوێش بە پەرۆشەوەو بەچێژەوە وەریان گرتبێ و زۆر پێوەی خۆشحاڵ بووبن.. بەڵام بۆ مەکۆی ئەسڵی هەر هەولێرەو دەشتی هەولێرە"[١].

(سەلاح محەممەد)ی هونەرمەندیش بەم شێوەیە باسی سەرهەڵدانی حەیرانمان بۆ دەکات و دەڵێ: "حەیران تایبەتە بەو هۆزانەی کە لەدێر زەمانەوە لەدەوروبەری شاری هەولێردا ژیاون و هەر لەو دەڤەرەش سەری هەڵداوەو گواستراوەتەوە بۆ ناوچەکانی تر"[٢].

(سەلاح خضری)یش کە لەمەهابادەوە خەریکی کۆکردنەوەی دەقی حەیران و چەندین بابەتی تری فۆلکلۆرییە بۆ ئەم بابەتە گوتی: "دەڵێن حەیران لەدەشتی هەولێر سەری هەڵداوە، منیش دەڵێم ئەمە زۆر راستە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت لە مەهاباد حەیرانبێژمان نەبێت، بەپێچەوانەوە مەڵبەندی ئێمە (مەهاباد) حەیرانبێژی زۆر زۆر بەتوانای هەیە، بەڵام رێزێکی تایبەتییان نەبووە"[٣].

(خالید جوتیار) بۆ ئەوەی درێژە بەرایەکەی پێشووی بدات و بیسەلمێنێ کە حەیران لە (مەهاباد)ەوە سەری هەڵداوە، جارێکی تر داوا لە (د.مارف) دەکاتەوە کە گوتارێکی زانستی تر لەمبارەوە بڵاوبکاتەوە بۆیە دەڵێ: "من لەگەڵ بیروڕای (د.مارف خەزنەدار)م کە حەیران لەدیوی (مەهاباد)ەوە بۆ دەشتی هەولێر هاتبێ، بەڵام هیواخوازم دکتۆری ئازیز وەڵامێکی تری یان گوتارێکی زانستی تر سەبارەت بەو بۆچوونە بڵاوبکاتەوە موناقەشەکە گەرمترو جوانترو زانستی تر بکەمەوە"[٤].

---

(١) ئا: رامان، توێژینەوەو گەڕان بەدوای تایبەتمەندییەکانی بەستەو مقامات لەناوچەی کۆیە، گۆڤاری رامان، ژمارە (٧٧) تشرینی دووەم ٢٠٠٢، ل٩٦.

(٢) هەمان سەرچاوە... ل٩٦،٩٥.

(٣) سەلاح خضری، بەرنامەی شانشین، تەلەفزیۆنی میدیا، رۆژی دووشەم ٢٠٠٣/٥/٢٦.

(٤) خالید جوتیار، حەیران... دڵم دایمەن لە هەولێرێ، کۆیە، ٢٠٠٠، ل٢٧.

(خالید جوتیار) بۆ سەلماندنی رایەکەی نەیتوانیوە بەڵگەی زانستی دەستەبەر بکات و بۆچوونەکەی سەبارەت بەمەڵبەندی سەرهەڵدانی حەیران بچەسپێنێ، کەواتە بەپێی ئەم راو بۆچوونانەی خستمانەڕوو، کە زۆربەی هەرە زۆریان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە حەیران لەدەشتی هەولێر، بەتایبەتی مەخموورو قەراج و کەندێناوە سەری هەڵداوە، دیارە یەکدەنگی و هاوبۆچوونی لەسەر ئەو رایە هەروا لەخۆڕا نەهاتووە، بەڵکو لەئاکامی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونێکی زۆرەوە هاتۆتە ئاراوە، ئێمەش بۆ ئەوەی بڕیاری یەکجارەکی نەدەین و دەرفەتێکی تر بۆ تویژەرانی ئەم بوارە بهێڵینەوە، لەدوائەنجامی ئەم بابەتەدا دەڵێین: بەپشت بەستن بەم سەرچاوانەی سەرەوەو لەم بارودۆخەدا دەتوانین (دەشتی هەولێر بەتایبەتی مەخموورو قەراج و کەندێناوە) بەشوێنی مەڵبەندی سەرهەڵدانی حەیران دابنێین، رەنگە لەداهاتوودا راوبۆچوونی تر سەرهەڵبداتەوەو جارێکی تر ئەم بابەتە بکەوێتەوە بەرباس و لێکۆڵینەوە، ئەمەش بەمەرجێك ئەگەر بەڵگەی زانستی و مێژوویی هەبێت، ئینجا دەتواندرێ گفتوگۆ بکرێ و بەیەکجاری یەکلایی بکرێتەوە.

# بەندی چوارەم:
# حەیران لەرووی داڕشتنەوە

کەمو زۆر باس لەم لایەنەی حەیران کراوەو، لێکۆڵەران تیشکیان خستۆتە سەر، ئەگەر سەرنج بدەینە تیکستی هەر حەیرانێك ئەوا دەبینین داڕشتنێکی تایبەت بەخۆی هەیەو "زیاتر لەفۆرمی پەخشانە شیعر نزیك دەبێتەوەو دەتوانین بەپەخشانە شیعریشی دابنێین."[(١)]، ئەمە رای غەفوور مەخمووریيەو، ئەحمەد حەیرانیش لەم بارەیەوە دەڵێت: "شێوەی داڕشتنی زیاتر دەچێتەوە سەر پەخشانە هۆزان"[(٢)] خالد جوتیار ئەویش هەمان رای هەیە: "دەشێ (پەخشانە شیعری) پێ بگوترێ"[(٣)].

شێوەی داڕشتنی حەیران لەداڕشتنی شیعر جیایەو رەوتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، رزگار خۆشناو لەم رووەوە دەڵێت: "رستەکانی حەیران رەوتی شیعری تەواو نییە"[(٤)]، هەروەها غەفوور مەخمووری دەڵێت: "حەیران شیعر نییە بەڵکو پەخشانە شیعرە"[(٥)] بەپێی ئەم لێکدانەوە حەیران لەڕووی داڕشتنەوە دەچێتە خانەی پەخشانە شیعر، ئێمەش لەگەڵ رای ئەو نووسەرانە داین، بەڵام لەهەمان کاتدا هەست بەهێزی شیعرییەتی هەندێ تێکستی حەیران دەکرێت ئەگەرچی لەڕووی کێشی شیعرییەوە لەنگیش بێت. لەڕووی قافیەوە کە شێوازی داڕشتنی دەرەوەی حەیرانە دوو رای

---

(١) غەفوور مەخمووری، حەیران چەمك– ناوەڕۆك– سەرهەڵدان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١، ل٣٨.

(٢) ئەحمەد حەیران، دیوانی حەیران بێژان، ئەسعەد، بەغدا، ١٩٨٨، ل٥.

(٣) خالد جوتیار، کورتە سەرەتایەك حەیران، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٣، ل٤٢.

(٤) رزگار خۆشناو، مەقامە تایبەتەکانی کورد، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ٨١، ل٤١.

(٥) غەفوور مەخمووری، سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەك لەژیانی حەمەد بەگی، الحوادث، بەغدا ١٩٨٩، ل٨.

جیاواز هەیە: غەفوور مەخمووری دەڵێت: "حەیران سێ قافیەی هەیە: أ- سەربەند، ب- ناوبەند، ج- دوابەند"(١)، خالد جوتیاریش دەڵێت: "ئەگەر سەربەندو دوابەندی یەك نەگرنەوە بەحەیران دانانرێت"(٢)، بەرای ئەحمەد حەیران: "هەموو دوابەندەکانی بەیەك قافیە کۆتاییان دێت"(٣)، لەشوێنێکی تردا ئەحمەد حەیران باسی سەربەندو دوابەند دەکات: "سەربەندو دوابەند" ئەمە شتێکی حەتمیە هەر دەبێ لەحەیراندا هەبێ"(٤)، هەر لەم بارەیەوە عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی دەڵێت: "حەیرانە دوو بەندە، سەربەندو دوابەند، سەربەند هەیە لەدوو نیوەبەند پێك دێت، نیو بەندی دووەمیان پتر گران دەکرێ، حەیرانەش هەیە لەسێ بەند پێك دێت"(٥). بێگومان ئەو قافیانەش هەموویان دێنەوە سەر یەك و زۆر وەستایانە داڕێژراون "لەبارەی (قافیە) وە لە زۆر جێدا جەمسەری (بەندەکان) بەشارەزایی و ناسکی لێك دراون"(٦)، ئەوانەی سەرەوەوە رای کۆمەڵێك لێکۆڵینڤان بوو لەسەر قافیەی حەیران، ئێمە تاڕادەیەك لەگەڵ ئەو رایانەدایین کە باس لە(سەربەندو ناوبەندو دوابەند) دەکەن بۆ هەر حەیرانێك، بەڵام دوای سەرنجدانمان بۆ کۆمەڵێ تێکستی حەیران بۆمان دەردەکەوێت هەندێ جار حەیران زیاتر لە سێ قافیەی هەیەو دەگاتە چوار تا پێنج قافیە، بۆ نموونە سەیری تێکستی ئەم حەیرانانە بکە:

١- ((حەیران **هەمینە**

گەردنی زەردە، مەمکی **هەنگوینە**

---

(١) غەفوور مەخمووری، حەیران چەمك- ناوەڕۆك- سەرهەڵدان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١، ل٣٩.

(٢) خالد جوتیار، کورتە سەرەتایەك حەیران، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٣، ل٤٢.

(٣) ئەحمەد حەیران، دیوانی حەیرانبێژان، ئەسعەد، بەغدا ١٩٨٨، ل٥.

(٤) ئەحمەد حەیران، ئاشناییەك لەگەڵ لاوك و حەیراندا، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢١)، ل٨٠.

(٥) عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، داستان و گۆرانی لەفۆلکلۆری کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨، ل١٩٣.

(٦) عوسمان شارباژێری، گەنجینەی گۆرانی کوردی، الزمان، بەغدا ١٩٨٥، ل٤٠٠.

ڕوومەتی گوڵە، سینگی **سپینە**

براینە،

برادەرینە،

ئەمن سوندەکم خواردیە بە هەموو چاك و پیران

ئەمن پاش بەژنیٚ باریك و زەندەییٚ بەبازن

قامکەکی بە ئەنگوستیلە،

نێکەکی بە کەمبەرە، سەرەکی بەلاسەرە،

ئەمن چی دۆست و چی گراوی دیم **نینە**))[1].

٢- ((حەیران دەرێم: مەخموور لە من بەنزمە **بایە**،

چاوی گەلەرەشە، بسکی **بادایە**،

ئەگەر حەیرانی کاکی خۆتان ناناسن

بەژنی گەلەباریکە، پشتیٚ دەستی و

چەرخا ڕوومەتی **کوترایە**،

ئەمن بە خراپی خۆم شك نایی

ئەوڕۆ دانی هێواریٚ بەژنیٚ باریکەرانە

لۆچی دری لە من **دامایە**))[2].

هەروەها بۆ حەیرانی (٥) قافیەیی بڕوانە تێکستی ئەم حەیرانە:

٣- ((حەیران لە **کەندیناویٚ**،

بە فکرت نایی وەکی دەچووینە راویٚ،

قەتێمان دەگرت بە داویٚ،

لێمان دەنا بە **پراویٚ**،

(١) رەسولٚ بێزار گەردی، گوڵە مێلاقەی کوردستان، النجاح، بەغدا ١٩٦٠، ل٨١.

(٢) غەفوور مەخمووری، چەپکیٚ حەیران و تەیەکی پێویست، گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، ژمارە ٦٠، ساڵی ١٩٨٩، ل١٠٤.

ئەوجا لۆ خۆمان لەسەرمان دەکردەوە **ماستاوێ**))[1].

لەمەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە حەیران لەڕووی داڕشتنەوە زیاتر لەفۆرمی پەخشانە شیعر نزیکەو دەتوانین بڵێین پەخشانە شیعرە، هەروەها لەرووی قافیەوە ناتوانین سنوورداری بکەین بەڵکو ئەمە دەوەستێتە سەر توانای شیعری حەیرانبێژەکەو داڕشتنی حەیرانەکە، بەڵام دەتوانین بڵێین هەر حەیرانێك لە سێ قافیە (سەربەند– ناوبەند– دوابەند) کەمتری هەبوو حەیرانێکی ناتەواوە، بۆ پشتگیری ئەو بۆچوونەشمان بڕوانە رای غەفوور مەخمووری: "دوای وردبوونەوەی تەواوم لەکۆمەڵێ تێکستی حەیران گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە دەبێ حەیرانی تەواو (سەربەندو ناوبەندو دوابەند)ی هەبێت ئەگەرنا حەیرانێکی ناتەواوە"[2]. وردتر دەتوانین بڵێین حەیران لەڕووی داڕشتنەوە پەخشانە شیعرێکی قافیەدارەو خودان فۆرمو سیستمێکی تایبەت بەخۆیەتی، کە لەشێوەی داڕشتنی مەقامەکانی تری جیادەکاتەوە.

(١) غەفوور مەخمووری، سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەك لەژیانی حەمەد بەگی، الحوادث، بەغدا ١٩٨٩، ل١٥.

(٢) غەفوور مەخمووری، حەیران چەمك– ناوەڕۆك– سەرهەڵدان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١، ل٤٠–٤١.

## بەشی دووەم

# حەیران و
# زمانی
# مۆسیقا

بەندی یەکەم: حەیران و مەقام

بەندی دووەم: حەیران و نۆتـە

پێش هەموو شتێك دەبێ ئەوە بزانین کەوا حەیران ئاوازەو یەکێکیشە لەمیلۆدییە هەرە رەسەنەکانی نەتەوەی کورد، کەواتە کە ئاواز بێ و لەرینەوەی دەنگی تێدا بێت و هەست و سۆز بگەیەنێت، پێویستە بێ بەربەست بخرێتە ناو چوارچێوەی زانستی مۆسیقاوە، دیارە لەزانستی مۆسیقاشدا هەموو ئەو دەنگانەی کە لەژێیەکانی قورگی مرۆڤدا دەردەچن و لەرینەوەو ئاوازیان تێدایە، دەبێ بەشێوەیەکی کردارو تیوری بەزمانی مۆسیقا بنووسرێتەوە، کە ئەویش زمانێکە هەموو میللەتانی جیهان تێی دەگەن و هەست و سۆزی خۆیانی پێدەردەبڕن، جگە لەوەش (حەیران) کە زیاتر بە مەقامی (بەیات)و هەندێ جاریش بە مەقامی تر ناوی دەبردرێت، پێویستە لەڕووی زانستی مەقامەوە ئەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێ و ساغ بکرێتەوە، کەواتە لێرەدا دوو لایەنی گرنگ هەیە کە ئێمە بتوانین لەبەشێکی ئەم باسەماندا یەکلایی بکەینەوەو رەنگدانەوەیەکی زانستی پێبەخشین، کە ئەوانەش یەکێکیان بە نۆتەکردنی ئاوازی حەیرانە، ئەوی تریشیان پەیوەندی بەدیاریکردنی جۆری ئەو مەقامەوە هەیە کە حەیرانی پێ دەچڕدرێ، ئەو دوو لایەنەش دەتوانین بڵێین کێشەی ساڵانی هەشتاکانە کە لەنێو هونەرمەندان و رۆشنبیران دروست بوو کە تاوەکو ئەمڕۆش یەکلایی نەکراونەتەوەو بیروڕا گۆڕینەوە لەو بارەیەوە بەردەوامە، هێندێك لەهونەرمەندان پێیان وایە کە حەیران بە نۆتە دەنووسرێتەوە، هێندێکی تریش بۆچوونیان وایە کە نانووسرێتەوە یان دەڵێن ئەگەر بشنووسرێتەوە لەدوارۆژدا سوودێکی ئەوتۆی نابێت کە مایەی خزمەتگەیاندن بێت، لەبارەی دیاریکردنی جۆری مەقامی حەیرانیش هەمان کێشە دووبارە دەبێتەوە، ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەم دوو لایەنە هەریەکەو بەجیا بخەینەڕوو:

# بەندی یەکەم:

# حەیران و مەقام

سەرەتا پێش ئەوەی جۆری ئەو مەقامە دیاری بکەین کە حەیرانی پێ دەگووترێ، چەند پرسیارێکمان رووبەڕوو دەبێتەوە کە پێویستی بەوەڵامدانەوە هەیە، پرسیارەکانیش ئەمانەن: ئایا حەیران دەچێتە خانەی زانستی مەقامەوە؟ کەواتە مەقام چییە؟ ئایا جۆری ئەو مەقامە چییە کە حەیرانی پێ دەچڕدرێ؟ ئایا حەیران مەقامێکی تەواوە یاخود گۆشە مەقامی پێدەگوترێ؟ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە بتوانین ئەم لایەنە روون بکەینەوەو رەگەزی ئەو مەقامە دەستنیشان بکەین کە حەیرانی پێ دەگووترێ، لەبەرایيدا بابزانین (مەقام) چییە؟ لەمبارەوە (رزگار خۆشناو)ی هونەرمەند دەڵێ: "مەقامی تەواو بریتیە لە (هەشت- ٨) دەنگ و دەنگی هەشتەم دووبارە کردنەوەی دەنگی یەکەمە بەرەو بەرزی وەکو لە (لا بۆ لا) زۆر مەقامیش هەن تەنانەت ناگەنە هەشتەمین دەنگ وەکو لە (لا بۆ می یا بۆ رێ)، مەقامی واش هەیە کە لەپلەی هەشتەم تێپەڕ ئەبێ و ئەگاتە پلەی نۆیەم و زیاتر وەکو (لا- لا- می)"[(١)].

(رزگار خۆشناو) مەقامی تەواو وادەناسێنێ کە بریتییە لەهەشت دەنگ، کەواتە ئەگەر بەم پێیە بێت هەر شێوە ئاوازێك هەشت دەنگ نەبێت پێی ناگووترێ مەقامی تەواو، بەڵکو مەقامی ناتەواو یاخود گۆشە مەقامی پێدەگووترێ.

(وریا ئەحمەد)ی هونەرمەند بەم شێوەیە (مەقام)مان پێ ئاشنا دەکات و دەڵێ: "مەقام پەیژەیەکە، میانی دەنگەکانی بەشێوەیەکی یەك لەدوای یەکی دیاری کراودا

---

(١) رزگار خۆشناو، مەقامە تایبەتیەکانی کورد، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (٨١)، حوزەیران- تەمموزی ١٩٨٠، ل٣٩.

دێن، هەر گۆڕانێکیش بەسەر میانی ئەو نۆتانەدا بێت، ئەوە مەقامێکی دیکەی سەربەخۆی لێ دروست دەبێت"(١).

(وریا ئەحمەد)یش (مەقام) بە پەیژەیەك دادەنێت، دیارە لەزانستی مۆسیقادا پەیژە بریتییە لە حەوت دەنگی مۆسیقاو دەنگی هەشتەمیش دووبارە دەبێتەوە، ئینجا مەقامێکی تەواومان بۆ دروست دەبێت.

(باکووری) هونەرمەندیش لەبارەی پێناسەی (مەقام) دەڵێت: "مەقام لە پەیژەیەکی مۆسیقا پێك دێ کە حەوت نەغمەی تێدایە، یەك لەدوای یەك دێن و مەسافەی نێوان هەر (دوو) دەنگ و لەنێوان هەر حەوت دەنگەکە، بەپێی تەرتیبێکی تایبەت و موعەیەن کە گۆڕینی ئەم تەرتیبەی ماوەکان واتە مەسافەکان بەشێوەیەکی تر، وا دەکات مەقامێکی تر پەیداو دروست بێ"(٢).

کەواتە دوای ئەوەی (مەقام)مان ناسی، ئینجا دێین ئەو پێناسەیە لەسەر (حەیران جێبەجێ دەکەین، بۆ ئەوەی بۆمان روون بێتەوە کە مەقامێکی تەواوە یاخود رەگەزێکە یان لقێکە لەمەقامێکی دیاریکراو، بۆ ئەو مەبەستە پشت بەو بۆچوون و سەرچاوانە دەبەستین کە لەبواری مۆسیقادا شارەزاییان هەیە بۆ نموونە (ئەنوەر قەرەداغی)ی هونەرمەند سەبارەت بەم بابەتە لەچاوپێکەوتنێکدا پێی راگەیاندین و گوتی: "ئەگەر تۆ بەچەمکی زانستییانە باسی مەقام بکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا بڵێین پەیژەیەکی تەواو کە لەحەوت دەنگ و دەنگی سەرەتاکەی دووبارە دەکرێتەوە پەیژەیەکی کاریمانە، بەڵام شێوازی گوتن لەسەر چەند دەنگێك لەو دەنگانە بەچەمکی میللی پێی دەڵێین (مەقام) واتا بەستەیەکی بێ رەزم (ئیقاع) شتێك کە بە ئیقاع ناوترێت ریتمی نییە لەگەڵیا، حەیران دەچێتە پاڵ ئەوانەوە بەچوار دەنگ، پێنج دەنگ، لەرەگەزی یەکەمی بەیاتدا دەگوترێ، بەو شێوازە دەتوانین بڵێین لەگۆشەی یەکەمی بەیاتە یان لەرەگەزی یەکەمی بەیاتە، بۆیە حەیران مەقامێکی تەواو نییە،

(١) وریا ئەحمەد، مەقام، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٣) ئەیلولی ١٩٨٩، ل١٥٧.

(٢) ئا: رامان، توێژینەوەو گەڕان بەدوای تایبەتمەندییەکانی بەستەو مقامات لەناوچەی کۆیە، گۆڤاری رامان ژمارە (٧٧) تشرینی دووەم ٢٠٠٢، ل٩٥.

چونکە مەقامی تەواو دەبێ هەموو ڕەگەزەکانی بەسەر بکاتەوە، ئەگەر بەسەر نەکاتەوە بەشێك لەمەقامەکە لەڕەگەزێکدا خۆی دەبینێتەوە"[١].

کەواتە بەپێی بۆچوونی (ئەنوەر قەرەداغی) بێت، حەیران پەیژەیەکی تەواو نییەو هەموو ڕەگەزەکانی مەقامیش بەسەر ناکاتەوە، بۆیە بە لقێك یان ڕەگەزێك لەمەقامی بەیات دادەندرێت، بەلام بۆچوونی (وریا ئەحمەد)ی هونەرمەند لەمبارەوە جیاوازییەکی هەیەو بەم شێوەیە بۆمان دەدوێ: "بەڕای من ئەگەر حەیران لەسەر تۆنی یان پلەی (لا) بوو، جۆری یەکەمی حەیران (مەجلیسی) وا دەست پێدەکات (سی- دۆ- ری- ری)... دواتر دەگاتە پلەی (می)، دواجاریش لەسەر پلەی (لا) تەسلیم دەکرێتەوە، ئەم شێوەیە (مەقام) نییە بەڵکو (پێنج دەنگی)یە"[٢].

هەروەها (وریا ئەحمەد) سەبارەت بەجۆری دووەمی حەیران کە (سەرچیایی)یە، بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی رادەگەیەنێ: "جۆری دووەمی حەیران (سەرچیایی) وادەست پێدەکات: (می- فا- صۆڵ- فا- می) تا دواجار لەسەر پلەی (لا) تەسلیم دەکرێت، کەواتە شێوەی دووەمی (حەیران) نزیکترە لەوەی وەك مەقامەکانی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە (ئۆکتاڤ)ێکی تەواوە"[٣].

ئێمەش لەبارەی بۆچوونەکەی (وریا ئەحمەد) دەڵێین: راستە جۆری دووەمی حەیران (سەرچیایی) پەیژەیەکی تەواوی مۆسیقایە، بۆیە دەتوانین پێی بڵێین (مەقام) بەلام جۆری یەکەم کە (مەجلیسی)یە، لە (پێنج) دەنگ زیاتر تێپەڕ ناکات، دەتوانین (پێنج دەنگی) یان (ڕەگەزی یەکەمی بەیات) یان (گۆشە مەقام)ی ناو بنێین، دیارە بۆچوونەکەی (ئەنوەر قەرەداغی) جۆری یەکەمی حەیران (مەجلیسی) دەگرێتەوە نەك جۆری دووەم کە (سەرچیایی)یە، لەبەر ئەوەی (سەرچیایی) ئۆکتاڤێکی دەنگی تەواو

(١) چاوپێکەوتنێکی تۆمارکراو لەگەڵ (ئەنوەر قەرەداغی)ی هونەرمەندی لە ٢٠٠٣/٥/١٣ لەشاری سلێمانی.

(٢) پەیوەندییەك بەهۆی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ (وریا ئەحمەد)ی هونەرمەند لە ٢٠٠٣/٣/١٨ لەهۆڵەندا.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو...

دەکات بەڵام (مەجلیسی) ڕێژەی بەرزبوونەوەی لە (پێنج) دەنگ زیاتر تێپەڕ ناکات، لەئەنجام دەگەینە ئەوە بڵێین: حەیرانی جۆری (سەرچیایی) مەقامێکی تەواوە، بەڵام حەیرانی جۆری (مەجلیسی) مەقامێکی ناتەواوە یاخود ڕەگەزی یەکەمی بەیاتە یانیش گۆشە مەقامی پێدەگوترێ. خاڵی تری گرنگیش کە پێویستە باسی لێوە بکرێ، کە حەیران جگە لەمەقامی بەیات، مەقامی تریش بەخۆوە دەگرێ، بۆ ئەم مەبەستە (ئامانج غازی)ی هونەرمەند جگە لەمەقامی بەیات باس لەوە دەکات کە حەیران بەمەقامی (حیجاز)یش گوتراوە، بۆیە لەم ڕووەوە دەڵێ: "هەر وەکو واباو بووە کە حەیران لەسەر مەقامی (بەیات) بگوترێ ئێستا گەر بێتوو لەلایەنی مۆسیقاوە بۆ ئەم گوتنە بچین زۆر بەڕێکو پێکی ئەم مەقامە لەسەر (مەقامی حیجاز)یش دەگووترێ"[(١)].

(ئامانج غازی) لەسەر ئەم بابەتە بەڵگە بۆ رایەکەی خۆی دەهێنێتەوەو دەڵێ: "لەکۆڕێکی هونەری دا کە لەم دواییەدا لەشاری هەولێر سازدرا زاتێک بەنێوی (میران)وە حەیرانێکی بەلەزەتی پێشکەش کردین لەڕەچەڵەکی مەقامی حیجاز"[(٢)].

سەبارەت بەو بۆچوونەی (ئامانج غازی)، ئێمە پێمان وایە کە حەیران لەڕەچەڵەکی مەقامی بەیاتە، ئەو کۆڕە هونەرییەی کە باسیشی لێوە دەکات لەدوای ناوەڕاستی هەشتاکان بوو ئێمە خۆشمان لەوێ ئامادە بووین، ئەو حەیرانبێژەی کە حەیرانەکەی گوت گوێچکەی مۆسیقای نەبوو، لەبەر ئەوەی سەرەتای دەستپێکردنی حەیرانەکەی بە بەیات بوو، لەکاتی کە دەهاتە خوارەوەو کۆتایی بەئاوازەکە دەهێنا، بەرێکوپێکی و زانستییانە ئاوازەکەی دەرنەدەبڕی و لەڕووی مۆسیقاوە نەشازی دەکرد، کەواتە ئەم بۆچوونە ڕەت دەکەینەوەو حەیران تەنها لەسەر سکێڵی مەقامی بەیات دەگوترێ.

---

(١) سەعدوڵڵا شێخانی و خالید جوتیار، حەیران و مەرگی غەریبان، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٩٠، ل٦٠.

(٢) هەمان سەرچاوە... ل٦١.

(ئەنوەر قەرەداغی) هونەرمەندیش بۆ ئەم بابەتە دەڵێ: "من ئەوەندەی کە گوێم لێ بووبێ بەس لە مەقامی بەیاتدا گوتراوە، هەندێ کەسیش کە پێیان وایە لەمەقامی تریش دەگوترێت، حەز دەکەین بزانین حەیران بە حیجاز چۆن دەگوترێ، بە سەبا چۆن دەگوترێ، بە حوسەینی چۆن دەگوترێ، حەیران ئەوەی کە تائێستا ناسراوە لای ئێمە بە بەیات گوتراوە، من بیستوومە کە گوایە دەڵێین بە حیجازیش گوتراوە، بەڵام نموونەکەم گوێ لێنەبووە"[١].

(وریا ئەحمەد)یش لەمبارەوە دەڵێ: "بەڕای من حەیران تەنیا لەسەر مەقامی بەیات گوتراوە، بەڵام ئەو حەیرانەی (مام رەسوڵ گەردی) کە تەنیا مۆسیقاکەی لەسەر (سەبایە) ئەمەش هەڵەی مۆسیقاژەنەکانە، چونکە (مام رەسوڵ) دوای تەقاسیمەکان کە لەسەر مەقامی (سەبا)ن نەختێك بە سەبا دەست پێدەکات، بەڵام دواجار دەگەڕێتەوە سەر مەقامی (بەیات)"[٢].

بۆ هەمان بابەت (نایف شێخانی) هونەرمەند دەڵێ: "ئەوەی من بیستوومەو تێی گەیشتووم جگە لەپەیژەی مەقامی بەیات، ئەم جۆرە ئەداکردنەی کە لای خۆمان بەحەیران ناسراوە نەمبیستووە لەسەر پەیژەیەکی تردا گوترا بێ، بەبڕوای ئێمە ئەگەر شتێکی لەو بابەتەش هەبێ ئەم تامو بۆیەی حەیران وەکو خۆی ناگەیەنی"[٣].

کەواتە لەئەنجامدا دەتوانین بڵێین: حەیران لەسەر پەیژەی مەقامی بەیات دەگوترێو بەهیچ شێوەیەك سروشتی ئاوازەکە رێگە نادات بە مەقامی تر بگوترێ، چونکە ئەو تامو چێژە رەسەنەی کە هەیەتی لەدەست دەدات.

---

(١) چاوپێکەوتنێکی تۆمارکراو لەگەڵ (ئەنوەر قەرەداغی) لە ٢٠٠٣/٥/١٣ لەسلێمانی.

(٢) پەیوەندییەك بەهۆی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ (وریا ئەحمەد)ی هونەرمەند لە ٢٠٠٣/٣/١٨ لەهۆڵەندا.

(٣) دانیشتنێکی تایبەت لەگەڵ (نایف شێخانی) هونەرمەند لە ٢٠٠٣/٣/٢٩ لەهەولێر.

# بەندی دووەم:
# حەیران و نۆتە

نووسینەوەی نۆتەی حەیران و تەواوی مەقامە کوردییەکان ئەرک و ماندووبوونێکی زۆری دەوێ، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە پێویستی بەکەسانی هونەرمەندی شارەزاو بەتوانا هەیە، کە لەم بوارەدا تایبەتمەندن و دەتوانن ئەم هونەرە رەسەنە بخەنە چوارچێوەیەکی زانستییەوەو بەنۆتە بینووسنەوە، دیارە هەوڵی لەم جۆرەش دراوەو بەڵگەشمان لەبەر دەستە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی لێوە بکەین ئەو رایە پێچەوانانەیە کە لەمبارەوە خراوەتەڕوو و، پێیان وایە کە ئەم هونەرە ناتواندرێ بنووسرێتەوە ئەگەر بشنووسرێتەوە ئەوا سوودێکی ئەوتۆی نابێت.

(ئامانج غازی) هونەرمەند کە یەکێکە لەو کەسانەی کە بەبایەخەوە گرنگی بەم بابەتە داوەو داوای کرد کە (حەیران) پێویستە بەنۆتە بنووسرێتەوە بۆ ئەم مەبەستە دەڵێ: "تائێستا (حەیران) بەزمانی مۆسیقا نەنووسراوەتەوە!! حەیران بەنۆتە نییە!!"[(١)]. هەروەها لەسەرچاوەیەکی تردا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەو دەڵێ "هەوڵێکی جیدی بدرێ بۆ نووسینەوەی مقاماتی کوردی، من لەنووسینێکمدا باسی ئەوەم کرد، ئەگەر بێت و قەتارو خاوکەرو سیاچەمانەو لاوک و حەیران بەنۆتەی مۆسیقا نەنووسرێتەوە ئێمە ناتوانین دان بەوە دابنێین کە مەقامی رەسەنی کوردیمان هەیە"[(٢)]، ئەمە جگە لەوەی لەدوو سەرچاوەی تریشدا ئەم داوایە سێ بارەو چوار بارە دەکاتەوە، کە (حەیران) پێویستە بەنۆتەی مۆسیقا بنووسرێتەوە.

(١) سەعدوڵڵا شێخانی و خالد جوتیار، حەیران و مەرگی غەریبان . . . ل٦١.

(٢) پیرداود مەخمووری، تەوەری مۆسیقا بۆچی؟، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١١٢-١١٣) حوزەیران و تەمموزی ١٩٩٧، ل١٣٥.

هەر بۆیەش خۆشی ئەم کارەی بەئەنجام گەیاندووە، بۆ ئەم مەبەستە دەڵێ: "لەبارەی زانستی مۆسیقا لەحەیراندا وا بۆ یەکەم جار بەشێکی کورتی حەیران بەنۆتە دەخەینە بەرچاوی خوێنەران هێڤی دارین وەکو مۆسیقاژەنێك لەحەیران گەیشتبین"[1].

"نۆتەی حەیرانی کوریکەی لەیلایێ"[2].




(١) سەعدوڵڵا شێخانی و خالد جوتیار، حەیران و مەرگی غەریبان... ل٦٣.

(٢) هەمان سەرچاوە... بەرگی کۆتایی دەرەوە.

ئێمە لەوەڵامی (ئامانج غازی)دا دەڵێین: ئەمە یەکەم جار نییە حەیران بە نۆتەی مۆسیقا دەنووسرێتەوە بەڵکو پێش ئەو نووسینەوەیە، لەساڵی ١٩٨٤ (دکتۆر نورەدین ساڵحی) یەکەم کەس بوو کە چەند نموونەیەکی لە (حەیران و لاوك و بەیت و بەستەو... هتد) نووسیوەتەوە، ئەمەش نموونەیەکە لەو حەیرانەی کە بە نۆتەی مۆسیقا نووسیویەتییەوە[1]:



هەر سەبارەت بەم بابەتە بۆچوونی (ئەنوەر قەرەداغی) هونەرمەندمان وەرگرت، ئەویش بۆ نووسینەوەی حەیران بە نۆتەی مۆسیقا بەم شێوەیە بۆمان هاتە دوان: "بەدڵنیاییەوە هەموو شتێك کە دەنگی مۆسیقای تیابێ نەغمەی تیابێ، کاتی تیا بێ، لەرینەوەی تیابێ، قابیلی نووسینەوەیە بە نۆتە، حەیرانیش ئاوازێکی رەسەنی کوردییە لە چەندین پشتەوە لەپێش ئێمە وتراوەتەوە بەگوێچکە هەڵگیراوەو هاتۆتە لای ئێمە، چونکە پسپۆرانی مۆسیقای سەردەمی زوو نەمانبوو ئەو شتانە بە نۆتە بنووسێتەوە تازە ئەو نەوانە دروست بوون کەوا کار لە نۆتە دەکەن و ئەو بابەتانە

(١) الدکتور نورالدین الصالحي، الموسیقی الکردیة، گۆڤاری رۆژی کوردستان، ژمارە (٦٦)، ئاداری ١٩٨٤، ل٢٣.

دەنووسنەوە، بێگومان حەیران و هەرچی مەقامە کوردییەکانە کە هەن قابیلی ئەوەیە بە نۆتە بنووسرێتەوە"[1].

لەبارەی ئەوەش کە ئایا ئەو حەیرانەی بەنۆتە نووسراوەتەوە تاچەند دەتوانین سوودی لێ ببینین و حەیرانبێژێك بەکردارو دەنگی خۆی ئەو نۆتەیە بەکاربهێنێت، گوتی: "سوود وەرگرتن لەو شتانەی کەوا نووسراوەتەوە، ئێمە دەڵێین فۆلکلۆر تەعبیر لەسەردەمی خۆی بکات، ئەو سرووشتییەی کە دەنووسرێتەوە بەم عەقڵەی ئەمڕۆ، بەم بۆچوونەی ئەمڕۆ کەوا ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵگاکەیە، بێگومان لە نەوەیەکی داهاتوودا کەوا ڕاڤەی ئەو بەرنامەیە دەکەن، ڕاڤەی ئەو نۆتانە دەکەن، ڕاڤەی ئەو ئاوازانە دەکەن، دەتوانن شێوازی سروشتی ژیانی ئەم سەردەمە روون بکەنەوە، گومانی تیا نییە لەکۆمەڵگای ئێمە ئاستی گۆرانبێژانمان بەگشتی ئاستێکی گوێ بیستییە، واتا بەخواستی گوێچك وەردەگرن ئەو ئارەزووە نییە کەوا بیانەوێ فێری نۆتە بن، وەك چۆن مۆسیقاژەنێك بەئامێرەکەی نۆتە دەژەنێت، ئەوانیش دەتوانن بەهۆی قوڕگیانەوە نۆتەکە جێبەجێ بکەن"[2].

بۆچوونەکەی (ئەنوەر قەرەداغی) سەبارەت بەنووسینەوەی حەیران بە نۆتە، زۆر راستە، دەتواندرێ حەیران و هەموو مەقامە کوردییەکان لەقالبێکی زانستیدا بە نۆتە بنووسرێتەوە، بەڵام بەکرداریکردنی ئەو نۆتەیە بەدەنگی حەیرانبێژێك لەو سەردەمەی ئەمڕۆماندا کارێکی ئێجگار قورسە، لەبەر ئەوەی وەك (ئەنوەر قەرەداغی) گوتەنی: "ئاستی گۆرانبێژانمان بەگشتی ئاستێکی گوێ بیستییە"و، هیچ شارەزاییەکیان لەخوێندنەوەی نۆتەی مۆسیقادا نییە، جگە لەوەش حەیران ئاوازێکی بێ ڕەزمە، حەیرانبێژ هەمیشە دەیەوێ بەئازادی دەنگی خۆی هەڵبڕی، پابەند بوون بەهەموو ئەو وردەکارییانەی کە لە نۆتەکەدا خراوەتەڕوو کارێکی قورسەو پێویستی

(١) چاوپێکەوتنێکی تۆمارکراو لەگەڵ (ئەنوەر قەرەداغی)ی هونەرمەند لە ٢٠٠٣/٥/١٣ لەسلێمانی.
(٢) هەمان سەرچاوە...

بەراهێنان و مەشقێکی باش و شارەزایی بوون لەخوێندنەوەی نۆتەی مۆسیقادا هەیە، کەواتە دەکرێ ئەم کردارە لەداهاتوودا جێبەجێ بکرێ بەمەرجێ ئاستی رۆشنبیریی مۆسیقایی گۆرانبێژان لەگوێچکەوە بگۆڕدرێ بۆ خوێندنەوەی نۆتەی مۆسیقا، ئەوسا دەتواندرێ هەموو ئەو ئاوازە بێ رەزمانەی کە بە نۆتە نووسراوەتەوە بەدەنگ دەربڕدرێت.

(وریا ئەحمەد) بۆ ئەم بابەتە دەڵێ: "مەقام چونکە جۆرێکە لەشێوەی (ئیمپرۆڤیزەیشن) واتە (تەقاسیم)، ریتمی نییەو لەناخی مۆسیقاژەن هەڵدەقووڵێت، بۆیە نووسینەوەی زەحمەتە، بێ ریتمیەکەش وادەکات لەکەسێکەوە بۆ یەکی دی ژەنینی جیاواز بێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە نانووسرێتەوە، من لەچلەی (تایەر تۆفیق)ی نەمر (شیرین بەهارە)م بەنۆتە نووسیو کرایە پۆستەرو بڵاوکرایەوە"[1].

کەواتە لە بۆچوونەکەی (وریا ئەحمەد) ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە نووسینەوەی ئەو جۆرە ئاوازە بێ رەزمانە کارێکی نوێ نییەو خۆی لەسەرەتای نیوەی دووەمی هەشتاکان (شیرین بەهارە)ی بەنۆتە نووسیوەتەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا وەڵامێکی بەجێیە بۆ داواکانی (ئامانج غازی) هونەرمەند.

(نایف شێخانی) هونەرمەند لەوەڵامی پرسیارێکمان سەبارەت بەنووسینەوەی حەیران بەنۆتە، گوتی: "ئەگەر مەبەست لەنووسینەوە تەنیا بۆ ئەوە بێ کە دەنووسرێتەوە یان نا؟ ئەمە بەڵێ دەنووسرێتەوە، بەڵام چۆن؟ بەبڕوای ئێمە لەبنچینەدا نووسینەوەی هەر بەرهەمێك بەزمانی یەکگرتووی نۆتە، دەبێت ئەو کارە هونەرییە جگە لەو کەسەی کە دەینووسێتەوە خەڵکی تریش لەسەدا نەوەدی وردەکارییەکانی ئەو کارە نووسراوەیە لەکاتی خوێندنەوەدا وەکو خۆی نەقل بکەن و بژەننەوە، بۆیە من بەگومانم لەوەی ئەو جۆرە قالبانەی ئەداکردن وەکو خۆیان

(١) پەیوەندییەك بەهۆی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ (وریا ئەحمەد)ی هونەرمەند لە ٢٠٠٣/٣/١٨ لەهۆڵەندا.

بنووسـرێتەوەو بـۆ خوێندنـەوەو سـوود وەرگـرتن لێیـان ئـەوە بـێ بـچێتە خانـەی نووسینەوەی زمانێکی یەکگرتووی ستاندار بۆ خوێندنەوە وەکو خۆیان"[١].

دوای وەرگرتن و پێداچوونەوە بەو بۆچوون و سەرچاوانەی سەرەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامـە کـە ئـاوازی حـەیران و تـەواوی مەقامـە کوردییـەکان بەنۆتـەی مۆسـیقا دەنووسرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە کارێکی قورسەو پێویستی بەکەسانی پسپۆڕو بـەتوانا لـەبواری مۆسـیقادا هەیـە، لەهـەمان کاتـدا بـۆ بـەکرداریکردنی ئـەم جـۆرە نووسینەوەی ئاوازانە، مەشق و ڕاهێنانێکی زۆری دەوێ چ لەلایـەن مۆسیقاژەنان، چ لـەلای حەیرانبێـژان، لەوانەیـە جێبـەجێکردنی ئـەم کـارە لەسـەرەتادا هەنـدێك کـەم و کوڕی و کێـشەی بێتـە پـێش، بـەڵام بـەپێی بەسەرچـوونی سـەردەم وردە وردە ئـەم کێشانەش بەرەو نەمان دەچێت.

---

(١) دانیشتنێکی تایبەت لەگەڵ (نایف شێخانی) هونەرمەند لە ٢٠٠٣/٣/٢٩ لەهەولێر.

## بەشی سێیەم

# ئافرەت و
# حەیران

**بەندی یەکەم: ئافرەت لەکۆڕی حەیرانبێژیدا**

**بەندی دووەم: ناوەڕۆک لەحەیرانی ئافرەتاندا**

ئـەوەی راسـتی بێـت ئـەم لایەنـە کـەم باسـی لێکـراوەو بـەهیچ شـێوەیەك لێکۆڵینـەوەی تایبـەتی لـەبارەوە ئـەنجام نـەدراوە، ئـەوەی کـە هەشـە بەسـادەیی ئاماژەی بۆ کراوە، بۆ ئێمەش پێدەچێ ئەرکەکە تۆزێك قـورس بێـتو نـەتوانین بەپێی پێویست ئـەو لایەنـە بەسـەر بکەینـەوەو بـەقووڵیو فراوانـی بـچینە نـاو نـاخی ئـەو باسـەوە، دیـارە ئەمـەش هـۆی خـۆی هەیـە، یـەکێ لەوانـە نـەبوونی سەرچاوەی تایبەتە کە لەم بابەتەی کۆڵی بێتەوە، دووەمیش بـوونی ئـەو کـۆتو بەنـدە کۆمەڵایەتییـە کـە بۆتـە هـۆی سـنووردانان بـۆ ئـافرەتو رێگـەگرتن لەئاشـکرا کردنـی بـەهرەو تواناکانیـانو بەشـداریکردنیان لەپاراسـتنو خزمەتکردنی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی. بە هەر شێوەیەك بێت ئافرەتیش شـان بەشانی پیـاو لـە زۆربـەی زۆری بوارەکانی ژیانـدا بەشدارییان کـردووەو شـوێن پەنجەشیان دیـارەو ون نابێت، (حـەیران)یـش وەك ئـاوازێکی رەسـەنی کـوردی، چۆن بۆتـە هۆکـارێکی دەربـڕین بـۆ پیـاوان، بەهـەمان شـێوەش وێـستگەیەکی گرنگ بووە بۆ ئافرەتان کە بەهۆیـەوە ئەگـەر بەشـاراوەیش بـووبێ توانیوویانـە هەستو سۆزیان پێدەربڕنو خەمو ئیشو ئازارەکانی خۆیانی پێ سارێژ بکەن، ئـافرەت جگـە لـە(حـەیران) زۆر بەسـەرکەوتووی (گـۆرانیو بەسـتەو بـەیتو بـالۆرەو سـەردولکەو... هتـد)یـان گوتـووە، ئـەوەی ئێمـە مەبەسـتمانە لێـرەدا ئاماژەی پێبکـەین تـەنها دوو لایەنـە کـە توانیبێتمـان گفتوگۆی لەسـەر بکـەین، ئەوانـەش یـەکێکیان ناوهێنـانو ناسـاندنی ئـەو ئافرەتانەیـە کـە حـەیرانیان گوتووە، دووەمیشیان تیشك خستنە سەر ناوەڕۆکی ئەو تێکستانەیە کە ئـافرەت گوتوویانە.

# بەندی یەکەم:
# ئافرەت لەکۆڕی حەیرانبێژیدا

ئافرەتی کورد هەروەك چۆن شان بەشانی پیاو لە زۆر کارو پیشەی ڕۆژانەی کۆمەڵ بەشداری کردووەو ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، بەهەمان شێوەش لەمەیدانی هونەردا درێخی نەکردووەو چەندی بۆی گونجابێت لەم بوارەدا خزمەتی بەپاراستنی فۆلکلۆری کوردی کردووە، یەکێ لەو بابەتە ڕەسەنانەی فۆلکلۆریش هونەری حەیرانە، کە بەهەست و سۆزێکی ناسکەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردووەو خەم و ئێش و ئازارەکانی خۆی پێی ڕەواندۆتەوە.

ئاشکرایە ئافرەتە حەیرانبێژەکانمان لەبەر باری دواکەوتووی کۆمەڵ و نەبوونی ئازادی و داب و نەریت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان نەیانتوانیووە بەسەربەستی و ئاشکرا حەیران بڵێین و دەنگی خۆیان هەڵبڕن، هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی ئاوازو تێکستەکانیان تۆمار نەکرێت و زۆربەی زۆری ئەو دەنگانەش بەشاراوەیی سەر بنێنەوە.

ئافرەتی کورد لەبواری هونەری حەیراندا دەنگخۆش و بەتوانای گەلێ زۆر بوو، (خالد جوتیار) یەکەم کەس بوو بەکورتی باسی لەم لایەنە کردووەو ناوی چەند حەیرانبێژێکی ئافرەتی بۆ تۆمار کردووین لەمبارەوە دەڵێ: "لەڕووی ژنە حەیران بێژەکانیش مێژووی سەرفرازی سامانی نەتەوایەتیمان ناوی چەند ئافرەتێکی دەنگ خۆش و حەیران بێژمان بۆ تۆمار دەکات کە گەلێکیان مردوون و ئەوانەی ماویشن هێشتان کێشوەرێکی ونن من بەش بەحاڵی خۆم ئەم چەند ناوەم پەیدا کردووە دەشبێ خوێندەواری ئازیز هەریەکە چەند ناوێك بناسن، لەمانە.. دایکی عثمان حەیران کە دەنگێکی خۆش و پڕ جۆشی هەیە وەك دەڵێن حەیران بێژێکی لێ هاتووشە

(من گوێم لێ نەبووە) (خەزال و خەجێ عبداللە)ش دەمێکە مردوون و دەنگیان ئێجگار بەسۆز بووە.. (ئامینە ئەحمەد)یش کە دوو حەیرانیم تۆمار کردووە نیشانەی دەنگ خۆشییەکی پڕ لەسۆزە"[1].

(خالید جوتیار) لەساڵی ١٩٧٨ ئەم چەند ناوەی تۆمار کردییەو کارێکی پیرۆزی ئەنجام داوە، دیارە لەو کاتەشدا تەنیا توانیوویەتی ئەم چوار ئافرەتە حەیرانبێژەمان پێ ئاشنا بکات، هەروەکو خۆی گوتەنی: "دیار نەبوون و بزر بوونی ئافرەتان لەمەیدانی حەیران و لاوکدا دیسان هەر دەگەڕێتەوە بۆ دەردە کۆمەڵایەتییەکە"[2].

(مەحموود زامدار)یش لە(دەروازەیەك بۆ ئاوازو گۆرانی کوردی) ئەم چەند ناوەی سەرەوە دووبارە دەکاتەوەو لەگەڵ زیاد کردنی ناوێکی تر: "مەنیج حەیرانی موکریانی– خەزاڵی حەیرانبێژ– خەجێ عەبدوڵڵا– ئامینەی حەیرانبێژ"[3].

(ئەحمەد حەیران)یش ئەم چەند ناوەی لەکتێبەکەی (دیوانی حەیران بێژان)ندا بڵاو کردۆتەوە: "حەیشێ عەبدوڵڵا سنجاوی لەگوندی عاڵڵا، حەلیم بادینی لەگوندی قەپران، ئامینە کوڵەندە لەگوندی باقرتی قەراج، زولێخا محەممەد صالح لەگوندی خەزنەی کەندێناوە، عەیشێ ڕەحمان مکایل لەهەولێر خێزانی عوسمان حەیرانە، زبێد عەباس لەگوندی شۆڕەزەرتکە، شەمامێ مەحمودی لەگوندی مەلاکاغە، فاتەقیت لەگوندی شێخەلاس، سۆتە بندیان لەگوندی دێمەکار، هەمینی قالە هەنگری لەگوندی بنەسراوەی گچکە، فاتەسۆری حمەد عەلی لەگوندی خۆشاو"[4].

(سەعدوڵڵا شێخانی)یش ناوی چەند حەیرانبێژێکی ئافرەتمان بۆ تۆمار دەکات: "(بەدیعە حەمەد کەردزی، خەجێ سەروەرێ، فاتمێ سەروەرێ، عەیشێ حەمەدۆکی،

---

(١) خالید جوتیار، حەیران، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٤٨) ئادارو نیسانی ١٩٧٨، ل٧٣.

(٢) هەمان سەرچاوە... ل٧٣.

(٣) محمود زامدار، دەروازەیەك بۆ ئاوازو گۆرانی کوردی، چاپخانەی دار الحریة، بغداد، ١٩٨٠، ل١٦٦.

(٤) ئەحمەد حەیران، دیوانی حەیران بێژان، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٨٨، ل١٤.

ئامەی زێخە، عەیشێ سلێمانی، قوماش بەدیعە، برایم سەرگەڕانی، عەیشانی عەزیزی کەنداری، مونیری برایمی حەمەدی، دۆتمامێ عولا چاربەردەیی، نایلەی ئەحمەد ئاغای مهێدی، زرێخ عەولا قادر دڕکەیی و... هتد)"[1].

کەواتە ئێمەی کورد خاوەنی چەندین ئافرەتی حەیرانبێژین کە رۆڵیان هەبووە لەناساندن و گەشەسەندنی ئەم هونەرە رەسەنەی نەتەوەکەمان، کە بەداخەوە رێگەیان پێنەدراوە وەکو حەیرانبێژە پیاوەکان دەنگ و ئاوازو تێکستەکانیان تۆمار بکرێ، بۆ ئەوەی ئەمرۆ لێکۆڵەران و نەوەی نوێ لەکچان و کوڕانی بەهرەمەند سوودیان لێ وەرگرتبایەو درێژەپێدەری ئەم هونەرە رەسەنە بوونایە.

(١) سەعدوڵڵا شێخانی و خالید جوتیار، حەیران و مەرگی غەریبان، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٩٠، ل٢٢.

# بەندی دووەم:
# ناوەڕۆك لەحەیرانی ئافرەتاندا

ئەگەرچی ئەم لایەنەی حەیران تارادەیەك وتارو باس و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە، بەڵام هێشتا لەئاستی پێویستدا نییەو، ئەوەی ئەنجامیش دراوە زیاتر پەیوەندی بەو تێکستانەوە هەیە، کە حەیرانبێژانی پیاو گوتوویانە، واتا ئەو حەیرانانەی ئافرەت گوتوویانە لەڕووی ناوەڕۆکەوە دەقەکان شی نەکراوەتەوە، بۆ ئەوەی بزاندرێ گوزارشت لە چ بابەتێك دەکات، ئەمەش دیارە هۆیەکەی بۆ ئەو کۆت و بەندو کێشە کۆمەڵایەتییانە دەگەڕێتەوە کە ببوونە رێگر لەبەردەم ئازادی ئافرەت و ئاشکرا بوونی بەهرەو تواناکانیان، هەر ئەم هۆیانەشە وایکردووە حەیرانەکانیان چ لەرووی ئاوازەوە چ لەڕووی دەقەوە تۆمار نەکرێت، ئەو دەقانەی کە لەبەردەستیش دایە زۆر دەگمەنەو ناتواندرێ هەموو لایەنەکانی بەسەر بکرێتەوە، بۆیە بەپێی ئەم سەرچاوەو تێکستانەی لەبەردەست دایە باس لەم لایەنەی حەیران دەکەین و چەندی بۆمان بکرێ مەبەستەکانیان دەخەینەڕوو.

(خالید جوتیار) بەر لەهەموو کەسێك بەکورتی باسی لەم بابەتە کردووەو دەڵێ: "دانانەکە بەرەو هەستێکی غەریبی دەچێتەوە لەگەڵ ناگزوری کۆمەڵایەتی و دەردی نەبوونی. مەسەلەی مەزارو شێخ و مشایەخ و جێ نەزرەگەی (لەمە چێتران) شوێنی خۆی پێوە دیارە"[1].

(خالید جوتیار)، هەرچەندە دەقی حەیرانەکانی بۆمان نەخستۆتەڕوو، بەڵام واپێدەچێ ئەو مەبەستانەی لەدەقەکانەوە هەلێنجا بێ کە لەزاری حەیرانبێژێکی ئافرەتی گوێ لێ بووەو تۆماری کردووە.

---

(١) خالید جوتیار، حەیران، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٤٨)، ئادارو نیسانی ١٩٧٨، ل٧٣.

(احمد فقی رسول)یش سەبارەت بەم لایەنە دەڵێ: "ئەم حەیران و بەستانەی خوارەوە هەندێکیان شەقلی ئافرەتیان پێوەدیارە، کە بەدەنگێکی پاراو گوتوویانە بەسەر خۆشەویستی و سروشت و جوانییەوە"[1].

ئینجا لەدوای دیاریکردنی ئەم سێ بابەتە لەرووی ناوەڕۆکی دەقەکانەوە، هاتووە چەند دەقێکی بڵاو کردۆتەوە، ئێمەش بەپێی پێویست چەند نموونەیەکی لێ وەردەگرین:

(( حەیران وەرە لە باسکۆڵەی بەگوێنێ،
ئەورۆ سێ ڕۆژە زانیوومە..
کوڕە حەیرانێ من ژنێ دەهێنێ،
خوایە ئەگەر لە من چاترەو جوانترە
بۆی پێك بهێنی...
ئەگەر لە من چاتر نییەو، جوانتر نییە
بۆی پێك نەهێنی...
یاخوا هەر ئاهو کەسەران هەڵێنێ
لەدووای باڵای من خێر لەخۆی نەبینێ. ))[2].

ئەگەر بەوردی لەدەقی ئەم حەیرانە بڕوانین دەبینین سۆزو هەستێکی خۆشەویستی تێدا بەدی دەکرێ، کە کچەتیمە حەیران بەرامبەر کوڕەتیمە حەیرانی خۆی دەربڕیدەبڕێ، بۆیە خۆشەویستیەکەشی هێندە پاك و لەرادە بەدەرە گەیشتۆتە ئەو ئاستە ئەگەر بۆ ئەو نەبێت دوعایەکەی کاری لێ بکات و (خێر لەخۆی نەبینێ).

(١) احمد فقی رسول، کورتە باسێك دەربارەی حەیران و بەستە، گۆڤاری بەیان ژمارە (١١٠)ی ئابی ١٩٨٥، ل٨٠.

(٢) هەمان سەرچاوە... ل٨٠-٨١.

دەبا بزانین لەو دەقەدا کچە حەیران بە چ شێوەیەك گوزارشت لەهەست و سۆزو خۆشەویستی خۆی بۆ کوڕە حەیران دەکات:

(( حەیران وەرە لە خلیسکۆڵەی سەرخانێ،

شەدەیەکت بۆ هەڵدەگرم لەسەر دوکانێ،

بیست و پێنج گەورە کچانت بۆ دادەنێم

لەسەر ڕیشوو بادانێ...

چبکەم کوڕە حەیران زویرەو لەسەر نانێ. ))[1].

کچە حەیران لەم دەقەدا هەموو هەوڵێك دەدات بۆ ئاشتکردنەوەی کوڕە حەیران، ئەمەش ئەوپەڕی سۆزو خۆشەویستی دەگەیەنێت. کەواتە لە هەردوو نموونەکەدا بابەتی دڵداری بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوەو بۆتە لایەنێکی سەرەکی تێکستەکانی حەیران.

هەروەها بابەتێکی تری گرنگی حەیرانی ئافرەتان بریتییە لە (شین و لاواندنەوە)، بۆ ئەم مەبەستە بابڕوانینە ئەم دەقە:

(( لەسەر مەزرایێ، بەژن برندێ گەردەن مینایێ،

کوڕ هەموو ڕۆیشتن دایك و خوشکیان دانا لەخەمێ دنیایێ. ))[2].

هەر سەبارەت بەم بابەتە (پورە خوچێ) لەحەیرانێکیدا دەڵێ:

(( حەیران سەرم دێشی درم بەبارێ خەمان دەناری،

موریدو دەروێش سەرێ دوو سارانە چەند عەبدارن لە دوو

(١) هەمان سەرچاوە... ل٨١.

(٢) سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی، سەربردەی کۆمەڵە حەیران بێژێکی کورد، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٨٨، ل٩٣.

**بابێ عەبدولکەریمی شێخەکەی کاولە مشاری، بەخۆی رۆیشت**

**ئەمەشی بەجێ هێشت لە خەم و تاری. ))**[١].

بابەتێکی تری ناوەڕۆکی حەیرانی ئافرەتان بریتییە لە (پیاهەڵدانی منداڵ) وەکو لەم دەقەدا بەدیار دەکەوێت:

**"حەیران حەیرانە خوایە لێم نەستینی ئەو منداره، ئازاو رەشیدو چالاك گەلە ئەهلی کارە، هەندە روح سوكو شیرنە داكو بابی ئەختیار بوو شەلەو کۆرە سەقەت بوو مەمنونتم یارەبی بەخێویان دەکا ئەو منداره"**[٢].

کەواتە بەپێی ئەم نموونانەو سەرچاوانەی کە ئاماژەمان پێکرد بۆمان دەردەکەوێت حەیرانی ئافرەتان لەرووی ناوەڕۆکەوە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم بابەتانە دەگرێتەوە: (دڵداری، شینو لاواندنەوە، پیاهەڵدانی منداڵ، ئایینی، دەردی دووری، وەسفی جوانیو سروشت)، ئەمەو جگە لەچەندین بابەتی تر کە بێ بوونی دەق نەمانتوانی زیاتر ئەم لایەنە روون بکەینەوەو بابەتەکانی تر بخەینەڕوو.

(١) غەفوور مەخمووری، حەیران چەمك- ناوەڕۆك- سەرهەڵدان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل٥٤.

(٢) هەمان سەرچاوە... ل٥٥-٥٦.

# ئەنجام

لەئەنجامی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەماندا بەمانەی خوارەوە گەیشتین:

١- حەیران لەفەرهەنگی زمانی کوردیدا تەنها ناوی جۆرە مەقامێکی کوردی نییە، بەڵکو لەئاخاوتن و دەقە ئەدەبییە کۆن و نوێیەکانیشدا بەکارهێندراوە.

٢- حەیران پەخشانە شیعرە.

٣- حەیران دوو جۆرە: أ- سەرچیایی، ب- مەجلیسی.

٤- حەیران لەدەشتی هەولێر بەتایبەتی (مەخموورو قەراج و کەندێناوە) سەریهەڵداوەو رووەو ناوچەکانی تری کوردستان رۆیشتووەو بڵاو بۆتەوە.

٥- حەیران پەخشانە شیعرێکی قافیەدارەو، هەندێ جار زیاتر لە سێ قافیەی هەیەو دەگاتە چوار تا پێنج قافیە.

٦- حەیران لە سێ قافیە (سەربەند- ناوبەند- دوابەند) کەمتری هەبوو حەیرانێکی ناتەواوە.

٧- حەیرانی جۆری (سەرچیایی) مەقامێکی تەواوەو، جۆری مەجلیسیش مەقامێکی ناتەواوە یان گۆشە مەقام یان پێنج دەنگی پێدەگوترێ.

٨- حەیران لەسەر پەیژەی مەقامی (بەیات) دەگووترێ.

٩- حەیران بە نۆتەی مۆسیقا دەنووسرێتەوە، بەڵام بەکرداریکردنی تۆزێک قورسەو پێویستی بەمەشق و راهێنانێکی زۆرو شارەزایی لەرۆشنبیریی مۆسیقاییدا هەیە.

١٠- ئافرەتی حەیرانبێژی لێهاتوو و بەتوانامان گەلێ زۆرە، بەڵام لەبەر داب و نەریت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان نەیانتوانیوە بەئازادی، خۆیان و ئەم هونەرە بەخەڵک ئاشنا بکەن.

١١- حەیرانی ئافرەتان لەرووی ناوەڕۆکەوە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە: (دڵداری، شین و لاواندنەوە، پیاهەڵدانی منداڵ، ئایینی، دەردی دووری، وەسفی جوانی و سروشت) و چەندین بابەتی تر.

# پاشکۆی تێکستی حەیران

( ١ )

ئەنگۆ بەچاوی من برۆننیٚ برام گەوارەکی دەهینا چەند دوور دەباری،ئەوە شۆر دەکاتەوە دەوزێی عارەبان دەگرێتەوە دەشتی کاولە قەراجی سەری قەرەبۆتکو قەرەبێتکان دەراویٚ قورینگان گۆمی مارواشان دەوزێیەکا بادینان گومەتەکەی سولّتان عەبدوللاّی عارەبی سەری قەراتی پیرە مەخمووری شۆڕ دەبیتەوە لە دەرکی بازاڕگەی خۆمان گەلە گەلە بەنازی تەڕ دەکاتەوە سەرو پەرچەمیٚ شەنگە بێری گاوەرەو کەنداری، دەرێم خۆزیا بەخۆزی داران باجگری ماچان بام لەسەر پردەکەی کاولە رواندزیٚ ئەوەلەن لە کیژۆرە بارەکیان لە گەردەن کێلی رواندزییان لەسەر بەتاسی خۆشناوان یەقە بەسنجاقی کۆییان سەر بەپۆشی سولەیمانییان لە عەبا رەشی هەولێرییان لە بسك قوتیٚ سارەییان لە کیژە خێرەکیو رەوەندی و ئاکۆیی و مام سارو خەیلانیان لە شلو ملو چاو بە کلو باغەر شۆری دزەییان وەکی فەسلی دەرە بواران دێنەوە لەسەر چاکەکەی سولّتان عەوللاّی عارەبی لە گوڕی معێجیلەی لەگۆمیٚ سێقولینچکی ناوەللاّ دەرێم لە کەندو لەندی کاولە مشاری.

( ٢ )

خزمینە ئەورۆ چ بکەم دەرێم: بوارم لێخۆش بوو گەوارەکی دامەزراند لۆییٚ گەلەکە سەردارم ناتگەمیٚ خەزێم شۆڕ لە بنەی پیرە شەرگاتی، ئەمان تەڕی دەکرد کلکەی گەرعەو گەرعو ساریان کلکەی مارواشان خەندەکی خەلیفەی

گۆمیٚ قورینگان دەراویٚ بازنان کلکەییٚ قەرەبۆتکیٚ لۆییٚ لە بۆت نەمام داریٚ بـــــەر گوریٚ قەپـەکی مامخـاران جـۆمیٚ کـوڕە رەوەنـدان قـەراتی پـیرە هـــەولێریٚ ناتگەمیٚ گەردەن کێل سـەریٚ زوورگـەزراوی خۆمـان خزمینـە لـە کاکی تو تەڕ دەکات کاولە وراتی، بابە چ بکـەم دەرێـم: بـەویٚ پـایزیٚ خـودا بەدکاری من‌و بە ژنیٚ باریك‌و قەدو قامەتی شلك بگری ناتگەمیٚ گەردەن کێل وەکی بەویٚ پایزیٚ بابە خزمینە دەرێم: حەیرانەکـەمیان لێکردمـە حـەزرەت‌و قاتی.

( ٣ )

براینە برادەرینە ئەوڕۆ بەویٚ سبیانیٚ ئەوا زەینیٚ خۆتان بدەنیٚ زێی پـیرە بادینان لە من دیٚ‌و دەناری، شەپۆلی خۆی دەداتـەوە لەناوچـەی مزوورییـان دەگری دەراویٚ ئیمـەنی سۆرە عاویـە عـاوییٚ بـشیریان قۆچـەکیٚ کـەرەکیٚ یاسیناغەی رنەی کاولە گوێڕی ئەمان زمارەو زمارەی بابـت وێـرانبیٚ بڕدەکا بڕییٚ کاولە سەرداری، ئەمان رۆژی چارشەمان لۆ زەینیٚ خۆتان نادەنـە شـێم حەمەدی خۆراسان دەرێم شێخەڵڵای هەولێریٚ ئاوباریٚ پیرە شەقراوەی ئەمن سیٚ کیژم گەلە شیرن دەدیتەوە ئەوان ناسکە کیژۆران یەکەکیانم دەشپاند بە ئەسمەریٚ زراری سەرو زولفی بابان وێرانەم دەشوپاند بە هەمینیٚ شـیٚ عـەلی مار لە میرەکانی ئەی ئامـان‌و سـەد ئامـان ئـەوی دی بـە خاتوونـە تـەورێزیٚ دەرێم مەخسودەکەی کاکە حەمەی مارماری.

( ٤ )

دەمگۆ برام ئەورۆکە بەوێی ئێوارەی چەندم گاز دەکرد دیسان دەرێم لە ئازیکەندی بندیانان، بابە شەرتە لە بەینی منو بەژنی باریك ئەو سار بەو پایزە ساردەی ئەمن کەپرەکێ بکەم لۆ ئەو زاڵم بابەی دەمگۆ دیواری دەکەم بە سۆتکەی مارنجی لە خەنەی شەقرەی لەسەندە لووسی کاریتەی لەخاسە رەنگێ سواندەی بەقەنەفرێ هەراشی دەکەم لۆ بەژنێ باریك لۆ دوو چاوێ ئەسمەرێ بە سۆرە گورو بەرەشە ریحانان ئەو جە دەمگۆتە برادەران خەوێ کەپرێ کەینێ خۆشە لەگە ناسك بەدەنو رووبەخارو چاو بە دەرمانان،ئەوەل مانگی پایزێ وەختی مار لە دەرێن لەبەر شەو بای شەوی کزەی شەماری برجی ئەستێران مانگی لە چاردەی لە گەر ئەو زاڵم بابەی گەلە غەمگیرە دەمگۆ:شەو لەسێباری نیوە شەوێ لە سەر کەپرێ خەو گەلە خۆشە لە بە بۆنی قەنەفرو مەرحەمان تکەتکەی کراوی دەنگی ماچان ئەدی نەم دەگۆ بروا بەسە مارە بێگانان.

( ٥ )

حەیران ئەورۆکە سبیانێ زەینی خۆم دەداوە زێی بادینان لەمن دوو برە، ئەمن ئەورۆ هێوارێ زەینی خۆم دەداوە بەژنەکی باریكو دوو چاوی رەشکۆکە کە دێتەوە لە سەراوێ دەڕوا لە بەرایی کۆمەرەکی ناسكو ناسك بەدەنان دەرێ: کورەتیمە لاوە ئەمن ئەورۆ بیستیتم دەچیەوە شارەکەی پیرە هەولێرێ ئەتو خەناوکەکی بە مەرجانانم بە کەیفی درێ خۆت لە بۆم

هەرگرە،دەمگۆت: دەتو بینە ماچ کەم ناسکەیێ رورمەتێ خەتو خاری گەردەنێ پەنجەی بەخەنەم لە ناو دەستی نێ جۆتە شەمامەو شەمامەی باغەران لەبن کراسەکی کتان لەبن را دیارە زۆر خڕو پڕە.

( ٦ )

رۆژم لێ هەرات گەزەنگان داوێ، دەدا لەسپی رێزی خەیلانیان لە چارچەلێ هەرکیان لە هۆزێ بارەکیان لە پەلکێ گیا بەندو خاوێ ئەمن حەیرانەکەی خۆم دەشپێنم بە قورینگەکانی بەرچێر بەخار کە دێتە خوارێ لەکێلێ کوێستانان شاپەڕان شۆڕ دەکا دەنیشی لە دەوزێی بادینان لەدەو گۆمێ ئاوێ، دە خزمینە وەرن لەگەرم بابچینە خزمەتی شاداوی تۆرەوان مەحبوبەکەی من تەیرەکی گەلە غەریبە لە بۆ خاتری درێ من داینەبڕی لەرەوێ نەیگری بە تۆڕێو بە داوێ.

( ٧ )

حەیران سەرێ من گەلە دێشێ دەردێ لە درم دەناری ئەنگۆ زەینی خۆ بدەنە کاولە بناری، گەوارەکی دادەینا چەند جوانە لە دوور دەباری سەرێ گەواران تەڕ دەکاتەوە تەپەو لاسۆری کلکەیی قەرەبۆتکو قەرەبێتکان تەڕدەکاتەوە زینێ دارەبزماران ئازیکەندی بندیانان چیغلۆکی کیژجوانان گردەسۆری سیانان تەڕ دەکاتەوە دێدەوانی شێخانان دایدەگێڕاوە، بەسەر کاولە ئاقاری، مارێ بابێ حەیرانێ کۆچەکیان لێدەنا دەچنەوە بنەگەمەڕی

کاوله هەواری ئەنگۆ زەینیٚ خۆ بدەنە پێش دەرکیٚ قـەرە رەشماریٚ بـەژنیٚ باریك راوەستایە بەخان و مانی گۆتم کیژۆرە جوانیٚ یاخوا هەوریەت پیرۆز بیٚ لەگەر هیزاری یاخوا یارەبی هەوریەم لیٚ بە مـیرات بـی لەگـەر هیـزاریٚ مـاریٚ بـابی مـن لێـدەنێن لـە کۆچ و کۆچبـاری دەچـنەوە کاولـە هـەواری کـورەتیم حەیران بەجیٚ دەمێنیٚ بەدرەکی خەم و تاری.

( ٨ )

بوارە گەواران دەینی و دەبری، گەوارەکی دادەمەزاند لە دەشتی قەراجی لە برندی سەرپناجی خەندەکی خەلیفەی تەکیەی برایم بـاولی ئـەو رەحمـەت و بارانە لەسەر جۆتە مەرقەدی دارە خورماییٚ دەگری، دەمگۆتە: بابی کاکـەی عەبدولکەریمی دەبا هـەگرین دەفـەو دائـیران تـەپری و عەلـەمان لـە بەرانبـەر جۆتە مەرقەدان شەمـسەدین و گورمحێـدین لەسـەر ئـاویٚ رۆخانـەی خیـوەتی هەردەین لەگەر تاوری.

( ٩ )

حەیران قەراج بەنوارە نوارە، جێی کارو کارغەزالان گردی باقرتـەی رەبـی کۆربیتەوە کاولە روارە، ئەمن بواران دەچمە سەر (بیـژینگ بەسـەری) رنکـی شیرینە عالەم دەزانی غەردارەی تارە بەژنی باریك توخوا بەچاوان برۆنە زێدە جوانیٚ وەڵڵا لەناو عالەمیٚ دیارە سۆریٚ چاوکارە.

( ١٠ )

حـەیران لـە بـستیٚ سـێداران ، دەچـمەوە دەشـتی قـەراجی جێـی دایمـە سواران، نازانم نەبۆنیٚ بەژنیٚ باریك خۆشترە نەبۆنیٚ سۆرە گورەکـانی وەکـی شین دەبن لە فەسلٚیٚ بواران.

( ١١ )

دەشتی قەراجی خۆشە لەبۆ سەیرانیٚ، هەموو سـبەینان حەیرانەکـەی مـن دەستی دایتە کوتکەکی دار مەرحـەم بـە زەنـدەکی بـەبازن وەردینـی چـیغو کۆتانیٚ، کیژ دەریٚ: خەمان هەرمەگرە شەویٚ لە سێباری شەویٚ وەرە بەینی گوارەو خەزێمان لە بۆ خۆت بینە هەژانیٚ.

( ١٢ )

ســـــەرم دێشیٚ درم قەت نابی رازی، مارە بابی حەیرانیٚ لێنا شـۆر بـۆوە لۆ باریکــــە زوورگــەزراوی خۆمان رۆیـی لـۆ کەنـدێناوەی هـەر دەدەن لـە زاری بــوغازی، خـۆزی بـە خـۆزی داران باجەسـتینی ماچـان بـام سـبەینان هەموو سبەینان دیسان وەکی خێر دەڕوا لۆ دەشـتی قـەراجی دانیـشتبام لـە گەری بازاڕگەی سبەینان هـەموو سـبەینان بـاجگر بـام لـە کـەرکی حوسـێنی غازی.

( ١٣ )

حەیـــــران بــــــوارەکم لـێ دادێ گەلـە درەنگم پێزانـی، بـەژنێ باریـك و نـــــازدار حەیـــــرانێ بـەچ دەشـپێنم بـە کـار مـامزەکی دوو مـانگی لەگـەڵ ڕەوەکـی کـــاران و کـــارمامزان شـەوێ دووبـاری نیـوە شـەوێ شـەو ڕەوەی خــــۆی دەبـردەوە ســــــەرێ چـاروك وکەوڕەبـەنان هــەورازی هــەنجیرۆکی قوچـی عومــــەری کـەلی ئەســحابەی زوورگـی دەرمانــــاوێ ســــبەینان وەکـی گـەزەنگی ڕۆژێ هــەردێ چێـشتاوی دەکـردەوە لــەبناری خەزنـەو تەرجانی.

( ١٤ )

سەرێ من دێشی درێ من گەلەك بە لێوە لێوە، سینگو مـەمکێ حـەیرانێ لۆ من بمینێ بەباغەکەی کاکی هیرانێ کە لێـی شـین بـووە هـەنارو سێوە،لە خەرك و عالەمێ گوندێ مە بە عام بوارە لە من بەژنەکی باریك زستانەو ئاخە لێوە.

( ١٥ )

زوورگەزراو پانەو ڕاکشایە، سـینگو مـەمکێ حـەیرانێ سـێوەو نەخـشایە، حەیران مەچووە قەراجی لانکت ساوایە.

( ١٦ )

ئەورۆ هێواریێ دەرێم: چ بکەم لۆت نەمام زالْم باب لە کەندێناویێ، ئەمن دەرێم: قازو قورینگی عاسمانان لە من را رۆیی لۆ دەو گۆمان جغارەی لۆگزی مامزەکەی دوومانگی لەبەر راوکەران دەلەوەڕا لەزار دەراویێ، گەردەن بەخاری ئەمن سوند دەخۆم بەشێخ ستاری سمبێلان بە دوازدە ئیمانان بە شێخ سمایلی سیێ گۆمان ئەمن لە پاش چاوی تو قەت کەسم ناویێ.

( ١٧ )

ئەورۆ هێواریێ دەرێم: ئاوەدان بی قەرەچوغ لەمن بە زوورگو تەلانە، دەوجا بڕۆننیێ مانگی نیسانیێ کۆمەریێ تەیران پۆڕو خەرتەلان لێیاندانا هێلانە، ئەمن ئەوسار بە مردنیێ خۆم دەهاتمە بەریێ چ بکەم لەگەر ئەو بابان وێرانەی چ ناکریێ دونیێ کچەتیمە حەیران گۆتی: بینە هێتیمە لاوە دەست لێك بەردانە.

( ١٨ )

براینە برادەرینە باری خەزنەو تەرجانی بە هوردە بەردن، دونیێ هێواریێ بەرە بەری عەسریێ یارم لەگەر کۆمەرەکی دەستە خوشکان دێتەوە لەرێی بێریێ هێتیم وەرە بمخوازە بە ماری دنیاییێ یان بەزەبری خەنجەریێ بە خۆو بە کراسی سپی مەرەز کتان قۆندەرەی زەردن.

( ١٩ )

براینە برادەرینە سەرێ مـن گەلـە دێـشی دەردێ لـە درم دەنـاری، ئـەورۆ هێوارێ گـەوارەکی لـە مـن دادەمەزرانـد لـە بنـەی شـەرگاتی دێ و دەنـاری، تەڕدەکاتـەوە دەشـتی کاولـە قـەراجی دەو شـۆڕو دەوشـۆڕان ئازیکەنـدی بنـدیانان گردەسۆری سـیانان کـەڕکی حوسـێنی غـازی گومـەتی برایماغـای بازاڕگـەی خۆمـان تەڕدەکاتـەوە بـەینی معێجیلـەو مـشاری، رایکێـشابناری زوورگـەزراوی کۆرکـەری قـەپرانی، دارکـەری لهێبـان باغەرشـۆری دزەییـان قاپوتی شوانان سەرو پەرچەمی کیژۆرەی گاوەرەو کەنداری.

( ٢٠ )

حەیران ئەمن دەرێم: باقرتەو کەسنەزان کەونە گوندی خۆمان لە بنە بنەی زووری، گۆتیـان: دونـێ هێـوارێ مـاری بـابێ حـەیرانێ بـارکرد ئـاوابوو لـە زوورگەزراوی دەپەڕییەوە لـە کەنـدێناوەی شـۆڕبۆوە لـە دەرکـەی بازاڕگـەی هێوارە درەنگە رەشمارێ خۆ هەردەدا لە بنە بنەی مەخمووری، ئەمن کەنگێ بەژنێباریکو گەردەنێ کـێلم جـوان دەدیت وەکـی سـبعەینان هەردەسـتا لـە شیرنە خەوێ دەست دەداتـە نـەینۆکێ چادەکا سـەرو هیـزاری دەگـەڕێ لـە دەورو پشتی کولینێ دەست دەداتە قەرەم برەکی موقنـاتیس دەچـتە سـەر دارە بازەی تەونی سەبارەت بە درێ من و بەدرێ خۆی چەند جـوان دەبـڕی گورینگەی مافووری.

( ٢١ )

قەراج قەراجە قەراجی خۆمـان، دونێگۆتمـە پێنـاوێ بابـانی داکـت خرابـی گەلە عاجزم بەژنەکی باریکم نەدیتیە توخوا وەبکـە بیبیـنم پێنـاو دەگـەڕاوە ماریێ حەیرانێ دەیگۆ: هەستە بـابڕۆین کـوڕە حەیرانەکـەت عـاجزە بەینەکـە ئەتوی نەدیتیە، کوندەکەت هەرگرە هێوارە درەنگە با کوڕە لاوەکەت بتبینی بچینە سـەر دایمـە گۆمـان، ئـەوجا کیـژ دەرێ: کـوڕە لاوە گەلـە خـەمان لـە دنیاییێدا مەگرە ئەگەر راوکەرەکی بەباقاو بەمتمانی ئەمن خـۆت لـۆ دەکەمـە کارمامزەکی سۆرغەر هەموو هێواران و سبەینان خۆم لـۆت داوێمـە کەندۆکـەو جۆمان.

( ٢٢ )

حەیران دەگێڕنەوە دەرێن: دەشتی قەراجێ زۆر خۆشـە لـە بـۆ سـەیرانێ، خزمینە وەرن بابچینە سەیری بەژنێ باریك لەسەر تـازە هـەواری بـە سـەریێ هیزار لە ملیـێ بـە هـەوری یەقـەیێ بـە دوگمـە دەسـتی دایتـە کوتکـەکی دار مەرحەم لەگەڕێ رەشمارێ گـەرم دەکـا کۆتـانێ، بریـا بـە بریـایێ خـوای لـە مەرکەزی ژوانێ قـۆر باوێمـە سـەر شـاملیێ بەکـەزی ماچـکەم خـەتو خـارێ گەردەنێ شەوێ لەنیوە شـەوێدابە سـەرێ پـەنجان بەنـدەی گـوارەی بێنمـە هەژانێ.

## ( ٢٣ )

حـەیران دەرێـم: حـەز لێکردنـی کیـژو کـوڕان کـەینێ خۆشـە فەسـلی دەرەبوارێ لە دەشتی کاولە قەراجێ لەناو چیغ و رەشمارێ مـار بـە مـارێوە کەس پێ نەزانێ، حەیرانەکەی من گەلـە منـداربی بـەرام داکـی پێنـاوبی کیـژ دەرێ: هێتیمەلاوە وەرە جێگەیێ ژوانێ بترازێنە کلیلی سنجاقان بگرە سێوێ رۆســـتەم بــەگی دەستێ خۆت بـاوێ سـەر ملیـێ بەکـەزی پـەڕی سمێـری باوێ سەر پەڕی خەزێمێ شـەو لـە سـێباری شـەوێدا شـۆرابەی گـواران بینـە هەژانێ.

## ( ٢٤ )

حەیران دارەکەی دار دێدەوانی لەمن بەروە شەمارە،ئەمن بـەوێ سـبیانێ زەینی خۆم دەداوە کلاکەیێ زوورگەزراوێ قەرەبۆتك و قەرەبۆتکان هەورازی کوڕەکان نشێوی قەرەمان زووری زەرگەتـەی گۆڕێ خاڵـداری بـستێ هەژنـە خواران سەروچاوەی هەرەجەو بیستانەی ئاقاری گردەسۆرو گردەسـۆران پـڕ لـە مـامزی گـەردەن بـە خـارە، ئـەمن خـەمم ئـەو خەمـە نیـە چـۆل دەبـی کەنـدێناوەی بـستێ سـەرناجی شـۆڕی لاکەچـەی کلاکـەیی دارە بزمـاران ئازیکەندی بندیانان قەپەك و مام خاران بەستۆڕەی گۆرانان ناوەڵلاّ لەمن بزر دەبی دوو چاوێ کارە.

( ٢٥ )

حەیران لە بنەی خۆشاوێ، ڕۆژێ موبارەکم لێ هەرات گەزەنگان داوێ، حەیران لەداران بە خۆم لەراوێ ئەمن کاتی خۆی لی شەنەغەی لە زوورگەزراوی دارە خەجیجەی مامزەکم هەردەستاند تاژیەم بەردایێ.

( ٢٦ )

ئیفراز ئیفرازە عاسێیە، لە سەری شاخە لەبنی رووبارو زێیە، ئەسمەرێ کابایزی دەرێ مامەراغا ئەتو پشت مەدە کیژێ گەردییانو قەپەکانو مام خاران بە عام چاویان لێیە.

( ٢٧ )

گۆڕ قەرەج بەداروبارە، قەوەت هەرکشا گرتی هەر چار نکارە، ئەمن دانیشتبووم لە کەندێناوەی گۆتیان: بابان کۆر وەرە دەرێ نازانم بابی قەیسەری نەکوژرایە نەبریندارە.

( ٢٨ )

قەراج بەتەمە، لە سەری قەراتە لەبنی لە غەمە، چارۆگێ دۆتمامێ کتانە کراسی مەرحەمە کیژێ بابان وێران ئەو سار سێ سارە سەبارەت بە چاوێ تو بوویمە شێتی پەرکەمە.

( ٢٩ )

گـــەوارەکی داهینـــا چـــەند رەشـــی تـاری، دەگـەل بـەژنیّ باریك دەچـــــوومە دەریّ لـــە کاولـــــە مەفتـــــەنیّ هـــەردووکمان دوعامـــان دەکردخوایـــە خۆشـکەی نـەوەکو ببـاری، لـەمنی تـەڕ دەکـرد هـەرەتی قەرەبێتـــكو قـەرەبۆتکان کلکـەییّ دارە بزمـارەی مەغلـەت و مەغلـەتان زوورگی مەخـسـوودان گـەڕیّ شاسـواری ئازیکەنـدی بنـدیانان قەپـەکی مـام خاران گردەسۆری سیانان باغـەر شـۆڕی دزەییـان لیفکـە شـۆری گـەردییان قۆنـدەرە زرۆقـی هـەولێریان لـە مـن تـەڕ دەکـات سەروچـاوەی پـیرەشو کەسنەزانی.

( ٣٠ )

لـە بنـارەی زووری، مـارە بـابیّ حـەیرانیّ بـارکرد دەربـاز بـوون لـە ئـاوی چارداغی پەڕییەوە لە کەندێناویّ بازاڕگەی خۆمان هێوارە درەنگە مارە بابیّ حەیرانیّ سەرخێر بوون دایان نا لەسەر جۆگەی مەخمووری، خۆزیا دوو ماچم قەردبایە لەبەژنیّ باریك یەکیان لە پێشی بەیانی چاو لـە خـەوی شـیریندا لـە چەرخیّ روومەتیّ ئەوی دی دانی ئێواران لـە خـاری گـەردەنیّ لـە بـەینی دوو داران دارەبازەی تەونی وەکی شیرن بەزەندی بەبازن قـامکی بەئەنگوسـتیلە دەبڕی سەرگوفکەی مافووری.

( ٣١ )

لـــه بـــــانی بانیـان لـه بـانی شـیناویێ، گەلـەك برینـدارم بـه گوللـەی کـــارخانیێ، خەبەرەکی لـه بۆمـــن بدەنـه بـەژنیێ باریك بێتن سـەریێ مـن برندکا لەسەر چۆکو رانی خۆی دانیێ، دوعایەکم لۆبکا لەباری تەعالان بەرکـه لەبەر خاتری بـەژنیێ باریـك و دووچـاوی رەش لەسـەرە مـن هـەرگری دەردی ئەجەلیێ.

( ٣٢ )

حەیران له رنەی گوێڕی، تاخمەی له زیوی پیاره له زێڕی، ئـەوی دەبیتـه باحیسی دوو دران ببیتهماڵمی جوان، قەشەی دیانان، پیری ئێزیدیان، ئەوجا خوا لەدینی محەممەدی وەرگێڕیێ.

( ٣٣ )

خۆزی به خۆزی داران ئەمنو بەژنیێ باریك ئەو سارەکه بـەویێ پـایزیێ بـه غەم جۆته قەتێیەك باین له رەوە قەتێیەکانی دەشـتەکانی کاولـه هـەولێری، چێشتاوی خۆمان بکردبا لـه ئـاوییێ پرینگـه و مێـر غـوزالی، لـەوەڕی خۆمـان بکردبـا لـه پـەرێزە جۆیـان، لـه کەنـدو لەکەنـدی مەعبـەینی ترپەسـیپانو دووگردکـان، نـا بـەخوای ئاقـاری دووکـەرەو قوشـاغلوی ئـاوا ببوینایـه لـه زوورگەزراوی رەنگین کەرخی جانەو تیکالۆی هەر بکشابایناییەوه لۆ ئاقـاری دەربەنـدو سـۆڤ سمـایلی کـۆزه پانکـەو گـردی گـۆمی ئەوجاهەینێکـه شـۆڕ

ببایناوه لۆ دەشتەکەی کاولە قەراجی رۆژ لەسەر زەردەی هەر بنیشتبابینایەوە سەر هێلانۆکەی تێکدراوی ئاخ چ بکەم دەنا بە دەستی زاڵمو بەدکاران.

( ٣٤ )

حەیران لەگەر تومە بەژن برندی روومەت قەسپی مەندەلی، بەژنت لە بۆ من بمینێ بە دارێ عودێ مەمکت لەبۆمن بمینێ بەسێوی لاسۆرکە شین دەبی لە چەمی پیرە شەقراوێ سینگت مافوورو قالیجەی گۆرچەلی، خۆزیا ئەمن باجەستینی ماچان بومایە لەسەر گۆمەکەی کاولە قەپرانێ لەسەر رێی کۆچو کۆچباری مەحەلی خێر هەر گەڕانەوەی لەسەر بیرەکەی مەحموودی سەنان لەکیژۆرە بامەندان لەسەرو چاوەی کاولە شەعەلی.

( ٣٥ )

ئەگەر مردن قەت مەرێن درەنگە، قەبرەکم لۆلێبدەن لە مەعبەینی هەردوو مەمکی نازدار حەیرانێ لێمەدەن بە کورینگ و بێران.

بیرازی تەنگە، ئەوجا ئەنگۆ لۆم برێنە کیژۆرەکانی مەمك نەهاتی ناوەڵلاً ناسکە کۆرپەکانی لە چاردەی دەمەکێ بێنەوە سەرینگانم لە باتی یاسینو تەرقینم بەزەندێ بەبازن شینەکم لۆ بگێڕن بە ئاوازو دەنگە.

( ٣٦ )

حەیران ئـەوڕۆ سـبیانیٚ گردەسـۆر لـەمن گەلـەك دووره وراتـه، دەچـمەوه مەخموورو مەخمووران بوران گەلەك رەنگینە لەمنی خانە وێرانیٚ بـەقۆنکرەو قەراتە، هەمین دەیگۆ: بابانم خرابوو کەسم لە مارەبابان دا نەمێنیٚ لـە پـاش سەرو سواریٚ حەبیبی برایماغای دەشتی کاولە قەراجیٚ سەنیەو مرکیە ناوەڵلاٚ سیاوو هێڵەوە لەمن بابان کۆر بە عام ببوایە میراتە.

( ٣٧ )

داری شـەکرانیٚ دارەکـی قەدیمـە دارە بـەر لـە ئۆمـەتیٚ، گۆتمـە حـەیرانیٚ سوندەکت لە بۆ دەخۆم بە عەبدولعەزیزو شێخ شەروانو سـولتان عەبـدوڵلاٚی عارەبی مار لەدەو شەتیٚ، حەز لێکردن زۆر خۆشە شەویٚ لە سێبارێ شەوێدا بچییە مەرکەزیٚ ژوانیٚ بترازێنی کلیلەی سنجاقی دەرینی شەمامان لێو باوێیە سەر ناسکە رووەمەتیٚ.

( ٣٨ )

حەیران لەدووگردکانی، کوڕ دەریٚ: ئەمن ئەو سارەکە نۆ جۆتم دابەستایە لە تۆ رحانیٚ بەرام چیبکەم هێشتا ناداتن بۆنی نازدار حەیرانیٚ، ئەوجا ئـەمن حەیرانەکەی خۆم کـەینیٚ شـیرین دەهاتـە پـێش چـاوی وەکـی هـەموو دانـی هێواران دەهاتەوە لە سراویٚ، شۆر بۆوە لەسەر گردەکەی شێخ وەسمانی.

( ٣٩ )

چەندی گاز دەکەم دەرێم قەرەچووغ لەمن دوو بەشە، لایەکیان قوتگی بابی سێودینی ئەویدیکەیان بێژینگ بەسەرە بازاڕگەیی خۆمان رێی کۆچ و کۆچباری بیری مەحموودی سەنان قۆناغی مارە بابی چاوێ رەشە،ئەمن ئەو سار بەوێی بەهاری بەتەمابووم بەژنێ باریك بکەمەوە بووك بە خۆم زاوا ئەگەر هەموو دنیا بمانکا لۆمەو لێمان بکەنەوە هەڕەشە.

( ٤٠ )

چەندی گاز دەکەم دەرێم چیایێ قەرەچووغی لەمن بێ ئاوو دارە، ئەوا بەژنێ باریك و چاوێ کارسەریێ چەند سارانە لە بۆ مافووران تەونی لە دارە، ئەمن هەنگێن دەست لە بەژنێ باریكو گەردەنێ بەخار هەر دەگرم وەکی بکەومە بەندیخانان حەیران بە خودای قازی بمدا لە سێدارە.

( ٤١ )

چەندی گاز دەکەم دەرێم رۆژگار ئەمەی لێك دوور کردەوە،خۆ ئەمن بەتەما بووم بەخودای حەیران مارێ خۆم لەگەتو تێکەر کەمەوە ببینەوە باب و داکی کیژو کوڕان بەران چی بکەم ئەتو لەسە سەبرێ خودایێ گەورە رانەوەستای لە ناکاو دەستێ خۆت وەشاند مار وێران مارێ خۆت لەگە گولەکەی مێردان تێکەر کردەوە.

( ٤٢ )

دەرێم بەچاوی من بڕۆنێ ساماره برام ساماری شینه، دوونێ لەمەرکەزی ژوانێ گەیمه دوو چاوی بەرەك دەمگۆ وەره چاوەکەم بزانم لۆ چی عادز و در بەغەم و غەمباری گفتوگۆییێ جارانت لەگەر من نینه، چاوی رەشی هەردینی دەرێ لاوی نەرمۆکه وەمزانیه جۆتەکی یارانت لەسەره من گرتینه، دەرێم قسەی تو راسته چ درۆی تێ نینه، دەتو وەره ناوی ئەوان کۆرپه کیژۆرانت لۆ بەیان کەم کێنه یەکەکیان فاتمه سۆری خەیلانیه ئەوی دی خەزاره شۆڕی مەلا نەبییه ئێمەنی سۆره گۆریەی چەلینه ئەوی دیکەت دەکەم بەلانك ژینه.

( ٤٣ )

سەرم دبرده بن سێرەیێ تفەنگی قەدیمه راوکەران دەیانگۆ کوڕه تیم حەیرانەکەی تو گەله منداره چ تفەنگانی مەگرێ، سەرم هەردەگرت لەبن سێرەیێ تفەنگێ ئاوڕێ خۆم دەداوه لەکۆمەرێ راوکەران ، ئێواره گەله درەنگه خزمینه حەیرانەکەی من ئاوا دەبوو لەکۆسپەیێ حوسێنێ غازی ئاوی خۆی دەخواردەوه لەئاوی بنبەردی بابه لەکاکی تو دەڕۆییه خوارێ لۆ زەوی‌و زارێ مەحمەرئۆمەران.

( ٤٤ )

لەهۆزی مەرزان لەغەرێ شاسواری، کێم دەدیت یەکیان حەسەن ئاغای دزەیی ئەویدی ئەسمەری کابایزاغای زراری، چەند شیرین بەوێ سبیانێ رادەکێشی سەرێ شێوەرێ لۆ سەر بیرێ مەحموودی سەنان هێواش هێواش دەڕواتە خوارێ بەبەینی گاوەرە و کاولەکەنداری.

( ٤٥ )

حەیران لەکەندێناوێ، مەمکی شل بوو سوتا لەبەر هەتاوێ، زێدەجوان دەرێ: کوڕەتیمە حەیران وەرە زیارەتی ئەو سینگ و مەمکەی بکە بەرام توخوا چیدیکە پەلاران ماوێ.

( ٤٦ )

حەیران سامارە ساماری پاکە، دەچمە دەشتێ قەراجی بەزاك و ماکە،ئەمن نەخۆشەکی گەلە گرانم بەسم لەسەر حەکیم و لوقمانان بگێڕە پاشی چاوی شیرنێ چ دەرمان کارم لێناکا.

( ٤٧ )

حەیران حەیرانە حەیران لەدار بەسەرێ، خوام بکا بەقوربانی بەژن و بارای هێتیمە لاوی خۆم لەگەر تیلاکی خوارێ لەگەر رانکو چۆغەری بەری، کیژ دەرێ: جوابەکیان دەدامێ کورەتییم حەیرانەکەی من کەتیتە وراتێ غەریبان لۆ من بێتەوە بەسەلامەتی هیمەتی چاك و پیران هیمەتی خوا و پێغەمبەری.

( ٤٨ )

حەیران ئەستێرەکم لێ هەراتینە لەلای مزگەوتێ، شەوقی خۆی دەدا لەتاقان و پەنجەران لەهۆدەیێ قاتیلان لەدەرکی ماری بابی حەیرانێ چەندە جوانە وەکی رۆن دەکاتەوە بەینی گوارە و رووموتێ، کورِ دەرێ: ئەو سارەکە سەری چەند سارانە بەتەمامە بچمەوە داخوازی مەحبووبە گچکەلانەکەی خۆم هەرچەند دەکەم لۆم تەواو نابی نرخە لەگەر قیمەتێ.

( ٤٩ )

ئەمن دەرێم: بەیانە بەیانی شینە، دەتو هەستە لەخەوێ لەسەر خۆت لادە جاجم و لێفان ئامان سەد ئامان چاوت رەشکە و پرِکل کە مەشکەی

بژینە، ئەمن لۆتو شێت بووم گەردەن بەخاریێ عەسرێکە جوابت دەدەمێ لەگۆمێ هەوری ئەوەل مانگی زستانێ جۆتم کە لەبن لێفێ بمنوێنە.

( ٥٠ )

براینە برادەرینە هوڕەی دێ لەگەر شەو بایە، دەچمە قەسریێ شەمامکێ خەت لێدرایە، دەچمەوە سەر چیاییێ قەرەچووغی زەینێ خۆ دەدەمە دەشتی کاولە قەراجی، هەموو فەسڵی بواران مەڕ تێگەڕایە، دەرێمە برا و برادەران نازانم ماریێ نازدارحەیرانێ لەچ کەند و جۆمەکی هەردایە.

( ٥١ )

حەیران سبەینە سارە، زەینێ خۆ بدەنە حەیرانەکەی من دێتەوە لەسەر گۆمەکەی کاولە قەپرانێ لەسەروپەرچەمی کەتینە هوردە خوسارە، سەری چەند سارە راوچیمە لەدوو چاوی بەرەك و گەردەنی زەرد ئەوسار بەوی پایزێ راوێژکەم نەکەی بەتارە.

( ٥٢ )

حەیران لەگردی گۆمێ، بەژن برندی بەیداغی رۆمێ، لەبۆ من برێنە داکی حەیرانێ گەلەکی چەکان بەنازدار حەیرانێ وەنەکا ناسکە نەوەك بەژنی بچۆمێ.

( ٥٣ )

حەیران دەیگۆت: کوڕەتیمە لاوە ئەوشۆکە شەوبایە، ئـەتو لـۆ مـن وەرە مەرکەزێ ژوانێ لەگونـدێ مـە شـایی و هەڵڵاَیـە، کیـژ دەیگـۆ: بابـانم خرابـی نەهاتمە مەرکەزێ ژوانێ تالعی کوڕەتیمە حەیرانێ هەردوو چـاوی مـن لەخـەو دامایە.

( ٥٤ )

ئەوڕۆ هێوارێ سـەرێ مـن دێـشی، درێ کـاکی تـو نـازانم لـۆ ئـەوها دەکـا هوردە خەیاران، ئەمن هەرچەندی دەکەم و دەکڕێنم سێبوریم نـایێ لـەوراتی غەریبی و غوربـەتان بـرینم گەلـە گەلـە بەکولـە هەرکـە مەزەنـدەم لێـدەدەم زەینێ خۆم دەدەمەوە ئەوان کەونە هەواران.

# سەرچاوەکان

## أ- کتێب:

١. ئەسعەد عەدۆ، لیرەیەك لەگەنجینەی نەتەوەی کورد، چاپخانەی علاء، بەغدا ١٩٨٤.

٢. ئەحمەد حەیران، دیوانی حەیران بێژان، چاپخانەی ئەسعەد، بغداد، ١٩٨٨.

٣. خالید جوتیار، حەیران... دڵم دایمەن لە هەولێرێ، کۆیە، ٢٠٠٠.

٤. رەسوڵ بێزار گەردی، گوڵە مێلاقەی کوردستان، چاپخانەی النجاح، بەغدا ١٩٦٠.

٥. سەعدوڵلا شێخانی، سەربردەی کۆمەڵە حەیران بێژێکی کورد، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٨٨.

٦. سەعدوڵلا شێخانی و خالد جوتیار، حەیران و مەرگی غەریبان، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٩٠.

٧. عثمان شارباژێری، گەنجینەی گۆرانی کوردی، چاپخانەی الزمان، بغداد، ١٩٨٥.

٨. عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، داستان و گۆرانی لەفۆلکلۆری کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨.

٩. غەفوور مەخمووری، سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەك لەژیانی حەمەدبەگی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٩.

١٠. غەفوور مەخمووری، حەیران چەمك- ناوەڕۆك- سەرهەڵدان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١.

١١. معروف خەزنەدار، کێش و قافیە لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی الوفاء، بەغدا ١٩٦٢.

١٢. محمود زامدار، دەروازەیەك بۆ ئاوازو گۆرانی کوردی، چاپخانەی دار الحریة، بغداد، ١٩٨٠.

١٣. دوکتۆر محمد نوری عارف، تێکستی ئەدەبیی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٨١.

١٤. محەمەد عەلی قەرەداغی، دیوانی وەفایی، دار الحرية، بەغدا، چاپی دووەم، ١٩٨٤.

## ب-گۆڤار

١. ئەحمەد حەیران، ئاشناییەك لەگەڵ لاوك و حەیران دا، گۆڤاری كاروان ژ (٢١)، حزیران ١٩٨٤.

٢. ئەحمەد حەیران، لێدوانی كتێبی (حەیران چەمك- ناوەرۆك- سەرهەڵدان) گۆڤاری رامان، ژمارە (٦٢) ئاب ٢٠٠١.

٣. ئەسعەد عەدۆ، لاوك و حەیران لەفۆلكلۆردا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٠) ساڵی ١٩٨٦.

٤. احمد فقی رسول، كورتە باسێك دەربارەی حەیران و بەستە، گۆڤاری بەیان ژمارە (١١٠)ی ئابی ١٩٨٥.

٥. ئیدریس قەراجی، حەیرانی دەشتی هەولێر، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١)، زستانی ١٩٩٨.

٦. ئاسۆی فۆلكلۆر، شارۆخی و جیهانی فۆلكلۆر، گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر، ژمارە (٤)، نیسانی ٢٠٠١.

٧. پیرداود مەخمووری، تەوەری مۆسیقا بۆچی؟، گۆڤاری كاروان، ژمارە (١١٢-١١٣) حوزەیران و تەممووزی ١٩٩٧.

٨. جەلال مەولوود ئەحمەد، لانكەزای حەیران، گۆڤاری رامان، ژمارە (٢١) ئاداری ١٩٩٨.

٩. خالد جوتیار، كورتە سەرەتایەك- حەیران، گۆڤاری. رۆشنبیری نوێ ژ (٦٣) ئەیلول و ت١، ١٩٧٧.

١٠. خالد جوتیار، حەیران، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٤٨) ئادار و نیسانی ١٩٧٨.

١١. رزگار خۆشناو، مەقامە تایبەتیەكانی كورد، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژ (٨١) حوزەیران- تەموزی ١٩٨٠.

١٢. رامان، توێژینەوەو گەڕان بەدوای تایبەتمەندییەكانی بەستەو مقامات لەناوچەی كۆیە، گۆڤاری رامان ژ (٧٧)، تشرینی دووەم، ٢٠٠٢.

١٣. غەفوور مەخمووری، چەپكێ حەیران و تەیەكی پێویست، گۆڤاری ئۆتۆنۆمی،

ژمارە (٦٠)، ساڵی ١٩٨٩.
١٤. کەریم شارەزا، برایماغای بایزاغای دزەیی و بەربەستکردنی بەعارەبکردنی دەشتی مەخموور، گۆڤاری قەرەچووغ، ژمارە ٣ی پاییزی ١٩٩٩و ٤ی زستانی ٢٠٠٠.
١٥. محیەدین قادر، ئەسعەد عەدۆ: حەیران لەدەشتی هەولێر سەری هەڵداوەو دیوەخانەکانی کوردستانیش لە پەرەپێدانی فۆلکلۆر رۆڵێکی باشیان هەبووە، گۆڤاری رامان ژمارە (٦٦) کانوونی یەکەم ٢٠٠١.
١٦. محیەدین قادر، دیمانە، مام حوسێن کێشکێیی: بەحەیرانی غەریبی ژن و پیاوم گریاندووە، گۆڤاری رامان ژمارە (٦١) تەمموز ٢٠٠١.
١٧. محیەدین قادر، جەلال مەلا حەسەن خۆشناو: لاوك دەنگی چیاییەکان و دەنگی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، گۆڤاری رامان، ژمارە (٦٤) تشرینی یەکەم ٢٠٠١
١٨. الدکتور نورالدین الصالحي، الموسیقی الکردیة، گۆڤاری رۆژی کوردستان، ژمارە (٦٦)، ئاداری ١٩٨٤.
١٩. وریا ئەحمەد، مەقام، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٣) ئەیلولی ١٩٨٩.
٢٠. وشیار ئەحمەد ئەسوەد، جوگرافیای مەقامە کوردییەکان، گۆڤاری رامان ژمارە (٤٧) مایس ٢٠٠٠.

## جـ- پەیوەندی و چاوپێکەوتن:

١. چاوپێکەوتنێکی تۆمارکراو لەگەڵ (ئەنوەر قەرەداغی)ی هونەرمەند لە ٢٠٠٣/٥/١٣ لەشاری سلێمانی.
٢. سەلاح خضری، بەرنامەی شانشین، تەلەفزیۆنی میدیا، رۆژی دووشەم ٢٠٠٣/٥/٢٦.
٣. چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ هونەرمەند (صالح سنەیی) لە ٢٠٠١/٤/٢٨ لەشاری هەولێر.
٤. دانیشتنێکی تایبەت لەگەڵ (نایف شێخانی) هونەرمەند لە ٢٠٠٣/٣/٢٩ لەهەولێر.
٥. پەیوەندییەك بەهۆی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ (وریا ئەحمەد)ی هونەرمەند لەرۆژی سێشەممە ١٨ی ئاداری ٢٠٠٣ لەهۆڵەندا.

# ناوەرۆك


| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| * | پێشەکی ........ | ٥ |
| * | **بەشی یەکەم: حەیران** ........ | ٧ |
| | بەندی یەکەم:– پێناسەی حەیران ........ | ٩ |
| | بەندی دووەم: جۆرەکانی حەیران ........ | ١٧ |
| | بەندی سێیەم: شوێنی سەرهەڵدانی حەیران ........ | ٢٦ |
| | بەندی چوارەم: حەیران لەرووی داڕشتنەوە ........ | ٣٩ |
| * | **بەشی دووەم: حەیران و زمانی مۆسیقا** ........ | ٤٣ |
| | بەندی یەکەم: حەیران و مەقام ........ | ٤٦ |
| | بەندی دووەم: حەیران و نۆتە ........ | ٥١ |
| * | **بەشی سێیەم: ئافرەت و حەیران** ........ | ٥٧ |
| | بەندی یەکەم: ئافرەت لەکۆڕی حەیرانبێژیدا ........ | ٦٠ |
| | بەندی دووەم: ناوەڕۆك لەحەیرانی ئافرەتاندا ........ | ٦٣ |
| * | ئەنجام ........ | ٦٧ |
| * | پاشکۆی تێکستی حەیران ........ | ٦٩ |
| * | سەرچاوەکان ........ | ٩٣ |
| * | ناوەڕۆك ........ | ٩٦ |